## لیستی ژمارە ١٨٤

## دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان

**دەنگ دەدەین بە پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئەو هێزەی کوردستانی پاراست و**
**شکستی بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هێنا**

ئامانجی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا رادەستکردنی کەرکووك نەبوو، بەڵکو کودەتایەك بوو دژ بە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و نەمانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، ناحەزان و دوژمنانی کورد و کوردستان باش دەزانن، هەتا پارتی بەهێز بێت و هێزی سەرەکی بێت لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، ئەوا ئەو ئامانجەیان بۆ نایەتەدی کە خەونی پێوە دەبینن.

لە ١٦ی ئۆکتۆبەر دوای داگیرکردنەوەی کەرکووك، فەرماندەکانی حەشدی شەعبی و راوێژکارە سەربازییەکانی حزبوڵای لوبنانی و سوپای پاسداران، لەو قەناعەتدا بوون دوای ئەوەی پارتی بەتەنیا وەك پارێزەری کوردستان لە گۆڕەپانەکە ماوە و ئەو کارەساتە گەورەیەش بەسەر کوردستاندا هاتووە، ئیدی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هێزی ئەژنۆیان شکاوە و بە ئاسانی دەتوانن هەولێر و دهۆك داگیربکەن و کۆتایی بە قەوارەی سیاسیی کوردستان بهێنن، هەر بۆیە کە یەك دوو رۆژ دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە بەرەی (پردێ)وە خۆیان لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی تاقی کردەوە، بەڵام زیاتر لە ١٢٠ کەسیان لێ کوژرا و زیاتر لە ١٥-٢٠ زرێپۆش و تانك و هامەریان تێکشکێندرا، کە لەناویاندا دەبابەیەکی ئابرامزی ئەمریکی بوو، کە بووە جێگەی سەرنجی هەموو جیهان و نەیاتوانی هەنگاوێك بێنە پێشەوە، بۆیە جارێکی دیکە خۆیان لە سەنگەرەکانی مەحمودیە نزیك کردەوە بەو نیازەی کە سنوورەکانی لە کوردستان دابخەن و لەوێوە زاخۆ و دهۆك داگیر بکەن، بەڵام ئەمجارەشیان پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی جوامێرانەتر لێیان هاتنە دەست و نزیکەی ٢٥٠ کەسیان لێ کوشتن و دوو هێندە زیاتری شەڕەکەی پردێ تانك و زرێپۆش و هامەریان بە تێکشکاوی پێ بەجێ هێشتن. ئەم نەبەردییەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساتەوەختێکدا بوو کە میدیا و تەلەفزیۆنی حزبە سەرەکییەکانی کوردستان هاوشانی هێزەکانی حەشد رووماڵی هێرشە داگیرکارییەکەی حەشدی شەعبییان دەکرد و لەوێوە ورەی خەڵکی کوردستانیان دەڕووخاند، بەوەی پێشمەرگە شکاوە و هێزەکانی حەشدی شەعبی بەرەو هەولێر و دهۆك لە پێشڕەویدان، بەڵام جوامێریی پێشمەرگەکانی پارتی هەموو ئەو خەونانەی لە گۆڕنا و وانەیەکی ئەوتۆشی بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دا، کە جارێکی دیکە خۆیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر فەرماندەیی پارتی دیموکراتی کوردستان تاقی نەکەنەوە.

کەواتە پارتی تەنیا هێزی سەرەکی بوو لە کوردستان کە توانی قەوارەی سیاسیی کوردستان بپارێزێت، پارتی بوو بە تەنیا کە شانی دایە بەر ئەم ئەرکە قورسە و بە پشتیوانی خوا تیایدا سەرکەوتوو بوو.

هەر بۆیە دەنگدەین بە پارتی لەبەر ئەوەی لەکاتی کارەسات و نەهامەتییەکاندا لە بەرپرسیاریەتی راناکات و جوامێرانە شانی دەداتە بەر و ئەندام و پێشمەرگەکانی بەگژ مەرگدا دەچنەوە و بەپێوە لەسەنگەرەکانی پێشەوە شەهید دەبن و دەبابەی ئابرامزی ئەمریکی تێکدەشکێنن.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە رۆڵی سەرەکی لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستاندا گێڕاو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا رێبەرایەتی پرۆسەی ریفراندۆمی کرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئاکامی ریفراندۆمیشی وەك دیکۆمێنتێك پیشانی هەموو جیهان دا، دەمێکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەو ئەقلییەتەی لە عێراقدا حوکمڕانی دەکات، بڕوای بە شەراکەت و پێکەوەژیان لە نیشتمانێکی هاوبەشدا نییە، هەروەها ئەو قەناعەتیشی هەیە، ژمارەی کورسییەکانی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا (٦٠ کورسی بێت، یان ١٠٠) کە هاتە سەر ئەوەی ئەقڵییەتی حوکمڕانیی عێراق بڕیارەکان بە کەمینە و زۆرینە تێپەڕێنێت، لیستی کوردستانی رۆڵێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام ئاشکرایە لەماوەی ئەم چوار پێنج مانگەی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەشێك لە حزبەکانی کوردستان ناسنامەی خۆیان بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان ئاشکرا کردووە، بۆیە ئەگەر پارتی بەتەنیا بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی بکردایە، ئەوا کورسییەکانی پارتی کە هەموو کات کورسیی داکۆکیکردن بوون لە مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان، دەبوونە پشکی ئەو حزبانەی کە هەموو پرسی نەتەوایەتی و بوون و نەبوونی دۆزە رەواکەمانیان لە پێدانی مووچەیەکدا کورت کردۆتەوە. لای پارتی دیموکراتی کوردستان مووچە و بژێوی خەڵکی کوردستان هەموو کات گرنگ بووە و گرنگیش دەبێت، بەڵام مووچە و بژێوییەکی سەربەرزانە و لەناو کوردستانێکی سەرفراز و ئازاددا، نەك ملکەچ و سەرشۆڕانە. هەر بۆیە کاتێك سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی فەرزی کردووە بە سەرماندا عێراق بۆ خەڵکی کوردستان ببێتە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ و هەر دەبێت هەتا ئێستاش لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە، ئەوا پێویستە پارتی بەهێز بێت بۆ ئەوەی بۆ عێراق و هەموو جیهانی بسەلمێنێت، خەڵکی کوردستان بۆیە متمانە بە پارتی دەدات، لەبەر ئەوەی ئەوە تەنیا پارتییە وەك حزبی سەرەکی و یەکەم لە کوردستاندا داکۆکی لەسەر مافەکانی

خەڵكی كوردستان دەكات، لە پێناوی بەدیهێنانی دەسكەوتی زیاتریش بۆ خەڵكی كوردستان بەشداریی پرۆسەی سیاسی دەكات.

كەواتە دەبێت دەنگ بدەین بە پارتی بۆ ئەوەی لایەنە بەهێز و سەرەكییەكەی نوێنەرایەتیی كورد بێت لە پەرلەمانی عێراقدا و بواری ئەوە نەدرێت كە حزبەكانی دیكە سازش لەسەر مافەكانی كوردستان بكەن، هەروەك چۆن لەدوای ١٦ی ئۆكتۆبەر زۆریان كرد و ئاكامی نەبووە.

پارتی دیموكراتی كوردستان لۆژیكانە و دووربینانە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی كوردستان و تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەكات، هەست دەكات لەناو گۆڕانكارییە خێراكانی ناوچەكەدا ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت، ئەو گۆڕانكارییەش (بە ئەرێنی و نەرێنی) كاریگەری خۆیان لەسەر كۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبێت و، هیچ دوور نییە ئاكامی هەڵبژاردنەكانی ئەمجارە، نەخشەیەكی نوێی سیاسی لە عێراقدا دروست دەكات، لەناو ئەم نەخشە سیاسییە نوێیەشدا كە دەرهاویشتەی ئەرێنی و نەرێنی گۆڕانكارییەكانی لەسەر دەبێت، دەرگایەكی ئومێد بە رووی كورد و دۆزە رەواكەیدا دەكرێتەوە، بۆیە گرنگە پارتی دیموكراتی كوردستان لەناو ئەم گۆڕانكارییە تازانەدا بەهێز بێت، بۆ ئەوەی بە نەفەسێكی درێژ و ماندوونەناسانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بكات و خزمەتی كێشەی رەوای نەتەوەكەمان بكات.

مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی كوردستان بە درێژایی مێژووی زیاتر لە ٧٠ساڵی رابردوو ئەوەی سەلماندووە، لە هەر قۆناخێكدا پارتی بەهێز بووبێت، ئەوا كێشەی رەوای گەلەكەمان لەبەرەوپێشەوەچووندا بووە و دەستكەوتی زیاتر بۆ میللەتەكەمان بەدەست هاتووە، هەر كاتێكیش پارتی لاواز بووبێت، ئەوا دۆزی رەوای كوردستان لە پاشەكشەدا بووە و ناحەزان و دوژمنانی كوردستان، گەلی كوردستانیان چەوساندۆتەوە و ملكەچیان كردووە. لەم روانگەیەوە پارتی دیموكراتی كوردستان تەنیا لایەنە كە بایكۆتی هەڵبژاردنەكانی كوردستان لەناو شاری كەركووكی داگیركراودا دەكات، دەبینین تەنیا پارتییە كە ئەمری واقیعی داگیركاری كەركووكی دڵی كوردستان قبووڵ ناكات.

ئەوجا بۆ ئەوەی جارێكی دیكە ملكەچی داگیركەران نەبینەوە و هەموو پێكەوە ئەمری واقیعی داگیركردنەوەی كەركوك قبوڵ نەكەین و دۆزە رەواكەمان هەر لەبەرەو پێشكەوتندا بێت، ویژدانمان داوامان لێدەكات، دەنگ بە پارتی بدەین، بۆ ئەوەی پارتی بەهێز بێت و رۆڵی سەرەكی لە پرۆسەی سیاسیی كوردستان و عێراقدا هەبێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTÎYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ

لیستی ژمارە ١٨٤
دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان

بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق٢٠١٨

## پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک هەمیشە پەیامی دیموکراسی و خەباتە لە پێناو وەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان، پەیامێک ڕۆچوو بە نێو ئەزموونە مێژووییەکاندا.

جارێکیتریش، بە دەنگی بڵند و بە گیانی دیموکراسییەوە، ڕوو لە هەموو لایەک دەکەین و دەڵێین: بەشداریکردنتان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشداریکردنە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی، بۆیە، کە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان دەچن، ئەو ڕاستییە مێژووییەتان لە بیر بێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆڕاگرانە و شێلگیرانە خاوەنی دۆزە گەورەکەیە، دۆزی گەلێک، کە بەردەوام لە کۆڕی ڕاستەقینەی خەباتدایە لە پێناو چەندین چەمکی ڕۆشنیی سەردەمییانە، کە خۆیان لە: ئازادی، پێکەوەژیانی دیموکراسی و کوردستانێکی گەشتر بەرجەستە دەکات.

پێکەوە بەرەو پرۆسەی دەنگدان دەڕۆین، پرۆسەیەک، کە گیانی شەهیدەکان ئاسوودە و خەباتی گەلەکەمان بەرهەمدار دەکات، بەڵێ پێکەوە و بە دروشمی (دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان) و بە بڕوایەکی پتەو و ئامانجبینەوە، دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە(١٨٤) و کاندیدەکانی دەدەین.

## بەرنامەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٨

پارتی دیموکراتی کوردستان کاردەکات بۆ پاراستنی مافی کورد و کوردستانییان. ئێمە باوەڕمان وایە ئەو مافانە بە دڵنیابوونەوە لە مافی هەموو عێراقییەکان دەپارێزرێت. عێراق ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت کە حکومەتی فیدراڵی ڕێز لە دەستوور و فیدراڵیزم و دەسەڵاتی یاسا و فرەڕەنگیی هەموو پێکهاتاکان بگرێت کە لە عێراقدا دەژین.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە مافی خەڵکی کوردستانی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە. خەبات دەکەین پێگەی کورد

و کوردستان لە عێراق و دەرەوە بەهێز بێت. هەروەها لەگەڵ پارتەکانی دیکەی عێراقدا کاردەکەین کە هەمان تێڕوانینیان لەسەر عێراقی فیدراڵ هەیە و باوەڕیان بە پێکەوەژیان و فرەڕەنگییە.

پارتی، بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان و دیالۆگی جددی لەگەڵ هەموو لایەک بۆ تێگەیشتن لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بە شێوازی ئاشتییانە و بۆ بەدیهێنانی پێکەوەژیان و سەقامگیری و مسۆگەرکردنی ئەو مافە رەوایە بۆ گەلی کوردستان.

پەیمان دەدەین بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە کە لە ئەولەوییەتی بەرنامەی کاری ئێمەدا دەبن لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا.

١. پاراستنی ماف و ئازادییە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و قەوارەی دەستووریی هەرێمێکی یەکگرتووی بەهێز.

٢. وێڕای قەدرزانین و پێزانینی پارتی بۆ خۆڕاگری و تەحەمولی خەڵکی کوردستان بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی، پێداگیری و هەوڵەکان چڕدەکەینەوە بۆ بەدەستهێنانی پشکی دادپەروەرانەی بودجەی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە داهاتەکانی عێراق و کۆتاییهێنان بەو غەدرەی چەندین ساڵە لە گەلەکەمان دەکرێ لەبواری بودجە و مووچە و شایستە داراییەکان.

٣. پیادەکردنی دەستوور بە تەواوی مادە و بڕگەکانیەوە، کە تاکە زامنی بەردەوامیی یەکگرتنی ئارەزومەندانەی خاک و گەل و سەروەریی عێراقە و پابەندبوون بە دەق و ناوەڕۆکەکەی کە لەسەر پرەنسیپەکانی شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق دارێژراوە.

٤. جێبەجێکردنی دەستوبردی ماددەی سەدوچل(١٤٠) بە ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و راپرسییەوە و کۆتاییهێنان بە رەوشی ناجۆری کەرکوک و کۆی شار و شارۆچکەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. هەروەها قەرەبووکردنەوەی تەواوی زیانلێکەوتوانی روداو و شاڵاوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧.

٥. پاراستنی سیستمی کۆماریی ئیتیحادیی دیموکراتیی فرەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنیی موئەسەساتی بەرمەبنای شەراکەت و هاوڵاتیبوونی یەکسان.

٦. عێراق وڵاتی فرەنەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاوازە، دەبێ

ڕێز لە جیاوازییەکان بگیرێت و ئازادییان بۆ فەراهەم بکرێت و ئەو جیاوازییانە ببنە خاڵی بەهێزی وڵاتەکە و، ئیرهاب و گوشاری کە بە مەبەست دروست دەکرێت بەئامانجی کۆچپێکردن بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا، کۆتایی پێ بێت.

٧. دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئیتیحادی و دەرچوواندنی هەموو ئەو یاسایانەی لە دەستووردا بنەمایان دارێژراوە، هەروەها ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان.

٨. پاراستنی ئەو سەقامگیری و ئاسایشە دابینکراوەی ساڵانێکە بە هیمەتی رۆڵەکانی دامودەزگا ئەمنییەکانی کوردستان هاتۆتە کایەوە.

٩. بۆ ئاشتەواییەکی نیشتمانیی سەرتاسەریی و پێکەوەژیانی راستەقینە و ئاوەدانکردنەوەی کۆی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شەڕ و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، هەروەها هەوڵی فراوان بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی جینۆساید و سزادانی تاوانبارانی جەنگ.

١٠. بێلایەنی سوپای عێراق و هەیکەلە و ئەرک و دەسەڵاتەکانی بە گوێرەی مادده و بڕگەکانی دەستوور بێت، هەروەها رێگریکردن لە میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگا.


١١. هاوکاری دادپەروەرانە و دانپێدانان بە پێشمەرگە و دابینکردنی ماف و پێداویستیەکانی لە هەموو رویەکەوە، کە بە ئازایەتی و خۆڕاگری و پێشکەشکردنی هەزاران شەهید و بریندار کوردستان و عێراقیان و جیهانیشیان لە تیرۆریستان پاراست.

١٢. بۆ چاکسازی ئابووری و دارایی بنەڕەتی کە عێراق لە داروخانی ئابووری قوتار بکات.

١٣. بۆ ریفۆرمێکی سیاسی و ئیداريي گشتگیر کە رێز و سەروەریی بۆ دامەزراوە نیشتمانییەکان و سەربەخۆیی بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەستەبەر بکات.

١٤. داکۆکیکردن لە مافە سیاسی و ئیداری و کولتورییەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشووری و ئەرمەن مافی کوردانی ئێزدی و فەیلی.

بۆ کۆی ئەو ئامانجانە و دەستەبەرکردنی تەواوی مافە دەستوورییەکانی گەلەکەمان و هەڵگرتنی سزا و هەڕەشەکانی سەر کوردستان، هەڵبژاردن لە هەموو هەل و مەرجێکدا بە میکانیزم و رێگەیەکی خەباتی مەدەنی و دیموکراتییانە دەزانین بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد و کوردستانییان.



بەشار کێکی
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری نەینەوا بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی کوردی موسڵ بە گوێرەی قەبارەی خۆی کورسی بەدەست بهێنێت پێویستە بەشدارییەکی چڕو پڕی هەڵبژاردنەکان بکات

دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا و بەتایبەتی شنگال بە دۆخێکی نائاسایی و نائارامدا تێدەپەڕێت، بەتایبەتی دوای هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و نەبوونی هیچ پلان و بەرنامەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، ئەمە لەکاتێکدا هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەستی پێکردووە. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای موسڵ هەم لە ڕووی ئەمنی و هەم لە ڕووی ئیداری و بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەشار کێکی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری نەینەوا کرد، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.



*** ئاشکرایە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرو بوونی گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و پەکەکە لە شنگال و موسڵ و هەڕەشەکانی ئەم دواییەی تورکیا دۆخێکی نائارامی لێکەوتەوە، ئێوە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری نەینەوا چۆن دەڕواننە ئەم دۆخە؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانین بە شێوەیەکی گشتی باسی بارودۆخی پارێزگای موسڵ بکەین، بەڵام ئەگەر ئێمە باسی شنگال بکەین، ئەوا ئەم شارە لە دۆخێکی مەترسیداردایە. بۆ نموونە لە ٩٥٪ی خەڵکی شنگال نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. کەواتە ناوچەیەکی نائارامە و ئەو کەسانەی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کاری ئیداری تێدا دەکەن، ناشەرعین. هەروها ئەو گرووپانەی پێشتریش لە شنگال بوون کە مووچە لە بەغدا وەردەگرن و لە ڕووی فیکریشەوە سەر بە پەکەکەن مایەی نائارامی بوون و بوونی ئەوان هۆکار بووە بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەتوانێت بگەڕێتەوە. بە هەمان شێوە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دۆخێك دروست بووە، کە نە ڕێکخراوە بیانییەکان و نە حکومەتی هەرێم و نە ئێمەش ناتوانین بچین خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەو کەسانە بکەین کە لەوێدا ماون و ژمارەیان چەند هەزار

کەسێك دەبێت. دوای هەڕەشەکانی تورکیاش بەشێکی ئەو کەسانەی لەسەر چیای شنگال بوون، ئەوانیش هاتنەخوارێ و جێیان هێشت. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا دۆخی شنگال لە هەموو روویەکەوە و لە هەموو کاتێك خراپترە. سەبارەت بە دەشتی نەینەواش، ئەوا بە پێی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە، ئەو هێزانە لەو ناوچانەدا رەفتارەکانیان لەگەڵ خەڵکدا، لەگەڵ هەموو پێکهاتەکاندا بە عەرەبیشەوە، جێی نیگەرانییە، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە دەشتی نەینەواش لە دۆخێکی تەواو ئارامدا نییە و تا ئێستاش تەواوی ئاوارەکانی ئەو ناوچانە نەگەڕاونەتە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆخی ناو شاری موسڵەوە، ئەوا رەوشی شارەکە بەتایبەتی لای چەپ زۆر ئارامە و هیچ کێشەیەك نییە. لە کاتێکدا بەشی راستی وێران بووە و خزمەتگوزاری تێدا نییە و ئەوانەشی لەوێن بە دەست کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن. لەبەر ئەوە بەشێکیان دەچنە بەشی چەپ کە لەوێش کرێی خانوو گران بووە، بەشێکی دیکەشیان کە توانای داراییان لاوازە، دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ نێو کەمپەکان. بەڵام لە پەیوەندی بە رووداني کار و کردەوە تیرۆریستییەکانەوە، ئەوا لەم ڕووەوە دۆخی موسڵ لە هەموو کاتێکی دیکە باشترە. واتە رەوشی ئەمنی ناو شاری موسڵ ئارامە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە ئایندەیەکی باش چاوەڕوانی موسڵ دەکات. بەڵام ئەو کاتە رەوشی ئەمنیی موسڵ تەواو ئارام دەبێت کە فایلی ئەمنی بدرێتە دەست پۆلیس و هێزەکانی دیکە لە ناو شار و دەورووبەری موسڵ نەمێنن، ئەویش بۆ ئەوەی بە تەواوەتی خەڵکەکە دڵنیا ببێتەوە، چونکە تا ئێستا هەندێ لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی هەڵسوکەوتی ناشارستانی و نابەرپرسیارانە لەگەڵ خەڵکدا دەکەن، بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کە پێیان دەڵێن دەبێت دەنگ بە لایەنێکی دیاریکراو بدەن، ئەگەرنا رووبەڕووری دۆخێکی خراپ دەبنەوە.

*** ئایا گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شنگال و دەشتی نەینەواو دامەزراندنەوەی هێزی هاوبەش بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان چارەسەری ئەو دۆخی بێمتمانەیی و دڵەڕاوکێیە ناکات کە ئێستا رێگرە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان؟**

- ئێمە پێمانوایە ئەگەر بەغدا و هەولێر رێککەوتن بکەن بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە، ئەوا ئارامی و ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، چونکە لە موسڵ و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، هێزێك بە تەنیا ناتوانێت کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنی بکات. لەبەر ئەوە باشترین هەنگاو ئەوەیە پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە، چونکە پێشتر و لە کاتی بوونی پێشمەرگە لەناوچەکانی دەورووبەری موسڵدا- بەڵام پێشمەرگە لە ناو شاری موسڵدا نەبوو- هیچ جۆرە کێشەیەك روویندەدا و بگرە خەڵکەکە خۆی داوای دەکرد کە پێشمەرگە لە موسڵ بمێنێتەوە و ئێستاش خەڵکەکە چاوەڕێیە کە پێشمەرگە بگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە ئێمە بە پێویستی دەزانین فایلی ئەمنی بە هاوبەشی ئیدارە بکرێت لە نێوان پێشمەرگە و هێزی پۆلیسدا، کە ئەرکەکانیان بۆ دیاری بکرێت. بەڵام ناتوانرێت ئەم کارە لەگەڵ حەشدی شەعبیدا بکرێت، چونکە حەشد هاوشێوەی پۆلیس و سوپا نییە و خەڵکی نارێك و پێکی تێدایە و ئەمەش مایەی نیگەرانییە و تا سەر خەڵك ئەمە قبووڵ ناکات.

*** ئایا هیچ هەنگاوێك بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە هەڵگیراوە؟**

- بەڵێ، چونکە چەند جارێك نووسینگەی سەرۆك وەزیران، عەبادی و فەرماندەی فیرقەی ١٦ داوایان کردووە کە لە رێی ئێمەوە کار بکرێت بۆ ئەوەی خاڵەکانی پشکنینی نێوان موسڵ و هەرێم بکرێنەوە و لەم رووەوە هەماهەنگی بکرێت، واتە هەست دەکەین نزیکبوونەوەیەك هەیە و هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە و ئێستا رێگای سەرەکیی نێوان موسڵ و دهۆك و موسڵ و هەولێر کراوەن و هەندێ رێگای لاوەکیی نێوان قەزا و ناحیەکان ماون کە دەبێت ئەوانیش بکرێنەوە. حکومەتی عێراقیش ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ ئەوەی بکرێنەوە و ئێمە پێمان باشە بە زووترین کات ئەو رێگایانە بکرێنەوە، چونکە تەنانەت بۆ

**عێراق نەک هەر کەمتەرخەمە لە ئاوەدانکردنەوەی موسڵ، بگرە ئەو بۆ چوار ساڵ دەچێت بودجەو شایستە داراییەکانی پارێزگاکەی راگرتووە**

**هەر ناوچەیەک بە شێوەیەکی هاوبەش ئیدارە نەکرێت، پێموانییە هەڵبژاردنێکی پاکی تێدا ئەنجام بدرێت. واتە خەڵکەکە دڵنیا نابێت لەوەی کە دەتوانێت بە ئازادانە دەنگ بدات**

**ئێستا رێگای سەرەکیی نێوان موسڵ و دهۆک و موسڵ و هەولێر کراوەن و هەندێ رێگای لاوەکیی نێوان قەزا و ناحیەکان ماون کە دەبێت ئەوانیش بکرێنەوە**

**ئەگەر بەغدا و هەولێر رێککەوتن بکەن بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە، ئەوا ئارامی و ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، چونکە لە موسڵ و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، هێزێک بە تەنیا ناتوانێت کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنی بکات**

هەڵبژاردنیش ئەمە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە. چونکە ئەمە بۆی هەیە ڕێخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی خەڵکی هەست بکەن کە ڕەنگە پێشمەرگەش بگەڕێتەوە و دەتوانن پشت بە هەرێم ببەستن، نەك لە حاڵەتێکدا بن کە وا هەست بکەن گیریان خواردووە.

*** سەبارەت بە دەنگدەری کورد؛ ئایا پێشبینی دەکەیت لەم دۆخە ناسەقامگیرو نائارامەدا لەم ناوچانە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدرێت و کورد دەنگەکانی خۆی لەدەست نەدات؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، هێشتا ٩٥٪ی خەڵکی شنگال ئاوارەن، بەڵام بۆ دەنگدان دەکرێت ئەو ئاوارانە لە هەولێر بن، یان دهۆك، دەنگی خۆیان بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخێك دروست بووە کە ڕەنگە نەتوانین لە هەندێ ناوچە وەك پێویست دەنگ بهێنین، یاخود نەتوانین دەنگی پێشوو بەدەست بهێنینەوە، چونکە پێشتر پێشمەرگە لەو ناوچانە بوون و ئێستا حەشدی شەعبییان تێدایە و هەر ناوچەیەکیش بە شێوەیەکی هاوبەش ئیدارە نەکرێت، پێموانییە هەڵبژاردنێکی پاکی تێدا ئەنجام بدرێت. واتە خەڵکەکە دڵنیا نابێت لەوەی کە دەتوانێت بە ئازادانە دەنگ بدات، بۆ نموونە ئێمە لە ناو شاری موسڵدا ئاگری نەورۆزمان کردەوە، بەڵام لە بەرتلە ڕێگەیان پێ نەداین ئەم کارە بکەین، چونکە هێزێکی حەشدی شەعبی لەوێ هەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەست دەکەین لە ناو شاری موسڵ پێگەیەکی بەهێزمان هەیە و لە جارانیش بەهێزترە، بەتایبەتی دوای ئەوەی خەڵکی هەرێم پێشوازی لە ئاوارەکانی موسڵ کرد و ئێستاش ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی ژمارەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی لە موسڵدا دەبینرێن و خەڵکی موسڵیش ئەگەر بێنە دەرەوەی شارەکەیان ڕوودەکەنە هەولێر و دهۆك.

*** پێتوایە بوونی حەشدی شەعبی تا چەند کاریگەریی سلبی لەسەر هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بوونی حەشدی شەعبی لە هەر ناوچەیەکی نێو موسڵدا کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵبژاردنەکان و لەسەر پاڵێوراوەکانی کورد، چونکە ئەوەتا لە حەمدانیە و بەرتلە و تلکێف پاڵێوراوەکانی کورد و پشتیوانەکانیان دووچاری جۆرێك لە هەراسانکردن دەبنەوە.

*** بەڵام تا چەند گرنگە کورد بەشدارییەکی کارای لە هەڵبژاردنەکانی موسڵدا هەبێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە کورد لە پارێزگای نەینەوا کورسیی دیاریکراوی نییە (مقعد ثابت)، بەڵام کورد لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی کورسیی دیاریکراوی هەیە، واتە لە سەدا ٥ی خەڵکەکەش بچێتە دەنگدان، هەر دروستە، بەڵام ئەگەر کورد لە موسڵدا بەشدارییەکی چڕ و پڕ نەکات، ئەوا کورد بە گوێرەی قەباری خۆی کورسیی پێویست بەدەست ناهێنێت و ئەوەش مەترسییە لەسەر کورد.

*** لەو بارودۆخەدا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ ئایا کاروبارەکانتان بەئاسایی و سرووشتی بەڕێوەدەچێت، یاخود هیچ ڕێگرییەك لەبەردەم کاروبارەکانتاندا هەیە؟**

- ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بە ئاسایی کار و کۆبوونەوەکانی خۆمان ئەنجام دەدەین و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەك باشە و بە بەردەوام پێشوازی لە شاندو باڵیۆزی دەوڵەتان دەکەین، زۆربەی ئەو شاندانەی دێنە هەولێر، سەردانی ئێمەش دەکەن، لە چوار مانگی ڕابردووشدا پێشوازیمان لە باڵیۆزی بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا و کەنەدا کردووە.

*** سەبارەت بەسەردانی ئەو شاندو ڕێکخراو و باڵیۆزانە ئایا ئێوە داواتان کردووە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق هاوکاری و یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی موسڵ بکات، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی ناوچەکان کە حکومەتی بەغدا هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی خێرای ئەو ناوچانەی نییە؟**

- عێراق نەك هەر کەمتەرخەمە لە ئاوەدانکردنەوەی موسڵ، بگرە ئەو بۆ چوار ساڵ دەچێت بودجەو شایستە داراییەکانی پارێزگاکەی ڕاگرتووە، بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی فەرمانبەرانی موسڵ ڕاگیراوە. هێزێکی سەربازی و تەقەمەنی زۆر و گەورە و زۆر بەخێرایی بۆ ئازادکردنی موسڵ بەکارهێنرا، کەچی هەمان هەناسەو هەنگاو نابینین بۆ ئاوەدانکردنەوەی موسڵ و پارێزگاکە.

**تا ئێستا هەندێ لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی هەڵسوکەوتی ناشارستانی و نابەرپرسیارانە لەگەڵ خەڵکدا دەکەن، بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کە پێیان دەڵێن دەبێت دەنگ بە لایەنێکی دیاریکراو بدەن، ئەگەرنا ڕووبەڕووری دۆخێکی خراپ دەبنەوە**

**ئەو کاتە ڕەوشی ئەمنیی موسڵ تەواو ئارام دەبێت کە فایلی ئەمنی بدرێتە دەست پۆلیس و هێزەکانی دیکە لە ناو شار و دەورووبەری موسڵ نەمێنن**

**ئەو گرووپانەی پێشتر لە شنگال بوون کە مووچە لە بەغدا وەردەگرن و لە رووی فیکریشەوە سەر بە پەکەکەن مایەی نائارامی بوون و بوونی ئەوان هۆکار بووە بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەتوانێت بگەڕێتەوە**

**لە ٩٥٪ی خەڵکی شنگال نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. کەواتە ناوچەیەکی نائارامە و ئەو کەسانەی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کاری ئیداری تێدا دەکەن، ناشەرعین**



**دکتۆر فرسەت سۆفی**

**ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# یاسای چاکسازی چارەسەری زۆر لە نادادپەروەری و گەندەڵی و بەهەدەردانی داهاتی گشتی دەکات

# هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ تێپەڕاندنی یاسای چاکسازی و ڕێگەنادەین بکرێتە قوربانیی ململانێی سیاسی

**پرۆژە یاسای چاکسازی لە کەرتی گشتی و خانەنشینی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، بە یەکێك لەو پرۆژە گرنگانە دادەنرێت کە چارەسەری کۆمەڵێك گرفت و کێشەی بواری وەزیفی دەكات. ئەمە وێڕای گەڕانەوەی پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت و ڕەنگە ببێتە هۆکارێکیش بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی گرنگیی یاسای چاکسازی و گەڕانەوەی پرۆژەکە بۆ پەرلەمان و تێکەڵکردنی بە بانگەشەی هەڵبژاردن. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ دکتۆر فرسەت سۆفی پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا.**

*** ماوەیەکی زۆرە لێرەو لەوێ باس لە پرۆژە یاسای چاکسازی لە کەرتی گشتی و خانەنشینی دەکرێت، ئەمەش دیارە گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە کۆمەڵێك بڕگەو خاڵ لەخۆ دەگرێت و پەیوەندی بە توێژێکی گرنگی مووچەخۆران و خانەنشینان و پێشمەرگایەتییەوە هەیە، ئاشکراشە ماوەیەکی زۆرە کار لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە دەکەن، ئایا دەکرێت باسی گرنگترینی ئەو خاڵانە بکەن کە پرۆژەکە لەخۆی دەگرێت؟**

- هەروەك ئاشکرایە یاسای پرۆژەی چاکسازی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرلەمان ڕەوانکراوە. کە پەیوەستە بە چاکسازیکردن لە بواری کەرتی وەزیفەی گشتی و خانەنشینی و هەر مووچە و ئیمتیاز و مینحەیەك کە هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی وەردەگرێت. ئەم یاسایەش چارەسەری کۆمەڵێك کێشە دەکات کە پەیوەستن بە مووچەخۆران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو گلەییەی سالانێکە هاووڵاتیان هەیانە لەو نادادی و کەموکوڕییانەی لەم کەرتە گرنگەدا هەیە. ئەم یاسایەش کۆمەڵێك خاڵی زۆر گرنگ لەخۆ دەگرێت، وەك:

١. چارەسەرکردنی کێشەی خانەنشینی نایاسایی. کە هەرکەسێك بەنایاسایی خانەنشین کرابێت بە پێی ئەم یاسایە حاڵەتەکەی چارەسەر دەکرێت.

٢. چارەسەرکردنی پرسی بەرزکردنەوەی نایاساییانەی پلەی وەزیفی، واتا هەر کەسێك بەبێ مافی خۆی پلەی وەرگرتبێت، ئەوە بەپێی یاسای چاکسازی ئەو پلەیەی لێ وەردەگیرێتەوە و چارەسەری ئەو کێشەیە دەکرێت.

٣. پاککردنەوەی لیستی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و کەم ئەندامانی سەنگەر لە خەڵکی ناشایستەو ناموستەهەق و نایاسایی.

٤. چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەست بە یەکخستنی هەموو خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەوە تا شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و شۆڕشی نوێ و لە ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ، واتا هەموو ئەم هێزانە لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی وەزارەتی دارایی دەبێت.

٥. چارەسەرکردنی یەکە ژمێرییارییەکانی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) و یەکخستنەوەیان لەناو وەزارەتی پێشمەرگە.

٦. جگە لە کەسوکاری شەهیدان کە ئیستسنا کراون، هەموو ئەو کەسانەی لەیەك مووچە زیاتر وەردەگرن، لەماوەی ٩٠ رۆژدا دەبێت خۆیان یەکلا بکەنەوە کە کامە مووچە وەردەگرن و رێیان پێدەدرێت ئەو مووچەیە هەڵبژێرن کە باشترە، مووچەکەی تریان کە بەیاسا هەبووە، نامێنێت، ئیدی دوو مووچە و سێ مووچە یان زیاتر بووبێت.

٧. ئەوانەی بە پلەی وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراون و رۆژێك لە رۆژان ئەو پۆست و پلەیەیان نەبینیوە، دەکرێنە دوو بەش، ئەوانەی تا ساڵی ١٩٩١ لەشاخ بوون و پێشمەرگەی دێرین بوون، ئەوە راستەوخۆ تەحویل دەکرێن بۆ یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە و پلەیەکیان پێدەدرێت. ئەوانی دیکە دەچنەوە سەر کارو وەزیفی خۆیان و خانەنشینەکەیان هەڵدەوەشێتەوە. واتا ئەوانەی کە پۆستی وەزیرو بریکارو بەڕێوەبەری گشتی و تادوایی، خانەنشین کراون و شایستە نەبوون، خانەنشینەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

٨. هەرکەسێك ببێت بە راوێژکار دەبێت ٢٠ ساڵ خزمەتی هەبێت و بڕوانامەی پسپۆڕایەتی لەو بوارەدا هەبێت، واتە نابێت بە مەحسوبیەت و واسیتە و مەنسوبیەت یەکێك لە زانکۆ دەرچێت و راستەوخۆ بکرێتە راوێژکار.

٩. رێکخستنەوەی پاسەوانی بەرپرسان و یەکەی پاسەوانی لەناو وەزارەتی ناوخۆ، واتە لەمەودا ئەوە دیاری دەکرێت کە کێ پاسەوانی پێویستەو چەند پاسەوانی دەوێت، بەپێچەوانەوە ئەو پاسەوانانەی کە زیادن ماوەیەکیان بۆ دیاری دەکرێت لەماوەی ٦٠ رۆژدا بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە یەکەی سەربازی بکەن. ئەوانەشی کە پاسەوانی وەهمین و لە دەرەوەی وڵاتن و ناموستەهەقن هەڵدەوەشێتەوەو کۆتایی بەکارەکانیان دەهێنرێت.

بە کورتی ئەمە خاڵە گرنگەکانە ئەمە جگە لەوەی چەندین خاڵ و بڕگەی تر لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە، کە لە سەرەتادا وەکو باسم کرد، چارەسەری زۆر لە نادادپەروەری و گەندەڵی و بەهەدەردانی پارەو داهاتی گشتی دەکات.

*** پڕۆژە یاسایەك ئەو هەموو گرفت و کەموکورتییە چارەسەر بکات، کە ساڵانێکە بووەتە جێگای رەخنەو گلەیی و بگرە موزایەداتی حزبە کوردستانییەکان، ئیتر بۆچی ئەو هەموو دەنگۆ و رەخنەیەی لەسەر دروست بوو، بگرە گەڕێنرایەوە پەرلەمان، ئایا ئەم پڕۆژە یاسایەش بۆتە بەشێك لە هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان؟**

- بەداخەوە نەدەبوو ئەم پڕۆژە یاسایە بگەڕێتەوە پەرلەمان، بە گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان لەم سات و کاتەدا کە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەی حزبەکان دەستی پێکردووە، پڕۆژە یاساکە کەوتە بەردەم چارەنووسێکی نادیار، تەنانەت لە کۆبوونەوەی هەفتەی رابردوودا نەتوانرا بگەینە رێکەوتنێك بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەك دیاری بکرێت لە نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆك فراکسیۆنەکان. ئێستاش ئەوەتا پڕۆژە یاساکە کەوتە ناو هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کە ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریی خراپی لەسەر تێپەڕاندنی یاساکە هەبێت. ئەمڕۆ پەرلەمانتاران لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی زۆر

**حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، ئەگەر یاسای چاکسازی وەکو ئەوەی هەیە لە پەرلەمان تێپەڕێندرێت و جێبەجێ بکرێت، ئەوە دەتوانن مووچە بەبێ پاشەکەوت لەکاتی خۆیدا بدەن**

**هەر کەسێک بەبێ مافی خۆی پلەی وەرگرتبێت، ئەوە بە پێی یاسای چاکسازی ئەو پلەیەی لێ وەردەگیرێتەوە و چارەسەری ئەو کێشەیە دەکرێت**

**پڕۆژە یاساکە کەوتە ناو هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کە ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریی خراپی لەسەر تێپەڕاندنی یاساکە هەبێت**

گەورەدان بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە ئەگەر ئەم یاسایە تێپەڕێنرێت دەبێتە هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی خانەشنینی پلە تایبەتەکان. لەبەر ئەوە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لە ئەستۆی پەرلەمانتارانە کە دەبێت هەوڵبدەین بە هەر نرخێك بێت ئەم یاسایە تێپەڕێنین و پێویستمان بەوەیە کە ئەم بابەتە تێکەڵ بە موزایەدەی حزبی و ململانێی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان نەکرێت.

*** کەواتە ململانێ و موزایەدەی سیاسی تێکەڵی ئەم پرسە بووە؟**

- بەڵێ، بەداخەوە موزایەدەی تێکەوتووە و ئەمە کاریگەریی خراپی دەبێت و گوزرێکی گەورە دەبێت لە پڕۆژەی چاکسازی و ئەوەندەی دیکە ئەم پەرلەمانە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی. بۆیە ئێمە هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە و بە جددی کار دەکەین و بە هیچ شێوەیەك رێگا نادەین ئەم یاسایە بکرێتە قوربانیی ململانێی سیاسی.

*** باشە هۆکار چییە کە دژایەتیی ئەم یاسایە دەکرێت؟**

- لە راستیدا ئەم یاسایە گورز لە بەرژەوەندیی زۆر کەس و بگرە لە بەرژەوەندیی حزبەکانیش دەدات، بە حزبەکەی خۆشمانەوە -پارتی دیموکراتی کوردستان-. بەڵام ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان وتوومانە ئێمە بەرپرسیارین لەبەشێکی زۆر لەو کەموکوڕییانەی لە کەرتی وەزیفیی گشتی هەبووە، بەڵام ئێستا بڕیارمان داوە، چاکسازی بکەین تەنانەت ئەگەر قوربانیش بدەین و ئەگەر کەسانێك هەبن لەناو حزبەکەماندا نیگەران بن. بۆیە دەبێت بە بوێرییەوە چاکسازی ئەنجام بدەین. لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە کاتێك یاسایەك کاریگەری دەبێت لەسەر بەرژەوەندیی کەسانێك، یان چەند هێزێکی سیاسی، ئەوا نارەزایەتی و دژایەتی دروست دەبێت و ئەو نارەزایەتییەش دەگاتە پەرلەمان و کاریگەری دەبێت. لەبەر ئەوە من جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە هیوادارم ئەم بابەتە نەکرێتە بابەتی ململانێی سیاسی و دەبێت ئەوەش بزانین هیچ چاکسازییەکیش بێ ئازار نابێت.

*** خانەنشینیی پەرلەمانتار چی لێدێت؟**

- سەبارەت بەخانەنشینی پەرلەمانیش کە زۆرترین گفتوگۆ و قسەی لەبارەوە کراوە، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان وتوومانە- هەروەکو چۆن لەناو پەرلەمان و لێژنەکان رامانگەیاندووە- ئێمە لەگەڵ کارپێکردنی یاسای خانەنشینی عێراقیداین، واتە هەر کەسێك تەمەنی نەگەیشتبێتە ٥٠ساڵ و ماوەی خزمەتی ١٥ ساڵ نەبێت، خانەنشین نەکرێت.

*** لەخاڵەکانی ئەم پرۆژە چاکسازییەدا باسی یەکخستنی یەکەی ژمێریاری هەردوو هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ کرا، ئایا پێتوانییە ئەمە سەرەتای رێگەیە بۆ یەکخستنەوەو یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان؟**

- بەپێی یاساکە دەڵێت هەردوو یەکەی ژمێریاری هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ دەچێتە سەر یەکەی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی پێشمەرگە، واتا یەك سەرچاوەی داراییان دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەدەستکەوتە گرنگەکانی یاسای چاکسازی کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆر گرنگی دەبێت لەسەر یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

*** یەکێك لە دەستکەوتەکانی پڕۆژە چاکسازییەکە دیاریکردنی کەمترین مووچەی خانەنشینییە، ئایا ئێستا کەمترین مووچەی خانەنشینی چەند دانراوە؟**

- کەمترین مووچە ٣٠٠ هەزار دینار دانراوەو ئومێد دەخوازین بتوانین زیاتری بکەین.

*** ئایا ئومێد هەیە دوای جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە یاسایە بەتەواوەتی پێدانی مووچە بە پاشەکەوت راگیرێت و مووچەخۆران بەبێ پاشەکەوت لەکاتی خۆیدا مووچەکانیان وەربگرن؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەم پرسیارە ئاراستەی حکومەت بکرێت، کە ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، ئەگەر یاسای چاکسازی وەکو ئەوەی هەیە لە پەرلەمان تێپەڕێندرێت و جێبەجێ بکرێت، ئەوە دەتوانن مووچە بەبێ پاشەکەوت لەکاتی خۆیدا بدەن.

**ئەوانەی کە پۆستی وەزیرو بریکارو بەڕێوەبەری گشتی و تادوایی، خانەنشین کراون و شایستە نەبوون، خانەنشینەکەیان هەڵدەوەشێتەوە**

**هەردوو یەکەی ژمێریاری هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ دەچێتە سەر یەکەی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی پێشمەرگە، واتا یەک سەرچاوەی داراییان دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەدەستکەوتە گرنگەکانی یاسای چاکسازی کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆر گرنگی دەبێت لەسەر یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان**

# گەڕانەوەی تۆڵەئامێزانەی شەڕی سیاسی

**دەبێت سوپای ئەمریکا خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕێکی چڕ لەدژی هێزە مەزنەکان. بەڵام نابێت لە میانەی خۆی ئامادەکردن بۆ ئەم شەڕانە، ئەمریکا ململانێی ستراتیژی نادیدە بگرێت کە رۆژانە لە بواری شەڕی سیاسیدا روودەدات**

رەنگە بتوانین بڵێین کە یەکێك لە گرنگترین - کە کەمترین پێناسەشی بۆ کراوە- پرسەکانی پەیوەست بە رێگاچارەی ئیدارەی ترەمپ لە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە بریتییە لە ململانێ و ستراتیژیەتی بەرگریی نەتەوەیی، کە پار بڵاوکرایەوە و ئەوە دەخاتەڕوو کە: «تەحەددی سەرەکیی بەردەم ئاسایش و بەرەوپێشچوونی ئەمریکا بریتییە لە سەرهەڵدانەوەی ململانێی ستراتیژی و درێژخایەن.» ئەم دەستەواژەیەش لە چەندین بەشی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەییدا - کە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی رابردوودا بڵاوکرایەوە- ئاماژەی پێکراوە. تەنانەت سەرۆك ترەمپ ستراتیژیەتێکی نوێی خستەڕوو و رایگەیاند: «پێمان خۆش بێت، یان نا، ئێمە پێمان ناوەتە رۆژگارێکی نوێی ململانێوە.» بەڵام سەرەڕای ئەم گوتارە زەق و بەرچاوە، کەچی هێشتا ئەمریکا گرفتی هەیە لە یەکلاکردنەوەی ئەوەی کە ئایا ئەمە لە بواری عەمەلیدا چی دەگەیەنێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە دامەزراوەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە، ئەوا «رۆژگاری نوێی ململانێ» بە مانای ناکۆکییەکی چڕ دێت لەگەڵ رکابەرە هاوبەشەکاندا، لە کاتێکدا، لە راستیدا ئەمە رەنگدانەوەی واقیعێکی ستراتیژیی قووڵترە. ئەوەتا رکابەرە سەرەکییەکانی ئەمریکا شەڕی راستەقینە دەکەن و بەرەوپێشچوونیش بەدەست دەهێنن لە رێی گرتنەبەری کۆمەڵێك تاکتیکەوە، کە پەنابردنەبەر جەنگی لێدەرچێت، ئەم شەڕەش کە پێشتر پێی دەوترا «شەڕی سیاسی»، ئێستا بە شێوەیەکی تۆڵەئامێز گەڕاوەتەوە و بەهۆی بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیکی نوێوە گوڕوتینی زیاتریشی وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدا هێشتا ئەمریکا بە تەواوەتی دەست و پەنجەی نەرم نەکردووە لەگەڵ ئەم فۆرمی تەحەددییە رێکخراوە کە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و زانیاری دەگرێتەوە. ئەگەر ئەمریکا دووبارە فێری ئەم شەڕە ببێت و لەم بوارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا دەتوانێت سوودمەند بێت.

ئەمە لە کاتێکدا بۆ رۆژگارێکی درێژ بەو شێوەیە لە جەنگ دەڕوانرا کە بریتییە لە ململانێ لە نێوان دوو رکابەردا، ئاشتییش بەو شێوەیە پێناسەکراوە کە بریتییە لە نەبوونی ئەم ململانێیە. ستراتیژیەتی نوێی ئاسایشی



نووسینی: رافایڵ کۆهێن و لیندا رۆبنسن

لە سایتی ناشناڵ ئینترێست بڵاو کراوەتەوە.

نەتەوەیی ئەمریکا و بژارەی ستراتیژیەتی بەرگری، حاڵەتی نەبوونی شەڕ بە رۆژگاری ململانێ ناوزەد دەکەن، بەو پێیە، خاڵێکی گرنگ و ورد دەورووژێنن، کە پێمان دەڵێن رۆژگارێکی راستەقینەی ئاشتی لەئارادا نییە. لەبری ئەوە، ئێمە پێمان ناوەتە نێو رۆژگاری ململانێی بەردەوامەوە، راستە رەنگە ئاست و ئەندازەکەی جیاواز بێت، بەڵام هەمیشە لەئارادایە. ئەو زمانی ململانێیەی لە ستراتیژیەتەکانی ئێستادا تەبەنی کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری بەرایی مێژووی ئەمریکا و نووسینەکانی کەسایەتی و دیپلۆماتی بەناوبانگی ئەمریکا، جۆرج کێنان. لە کاتی نووسینیدا لەبارەی ململانێی هێزە مەزنەکانەوە- لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا- کێنان باوەڕی وابوو کە هێڵی نێوان جەنگ و ئاشتی لێڵ و تەمومژاوی بووە و بگرە دەوڵەتەکان لە چەندین بواردا- و هەندێ جار ناکۆکی کراوەش تێدەپەڕێنێت- ململانێ لەسەر ئاسایش دەکەن. ئەو دەستەواژەیەکی نوێی دارشت بۆ وەسفکردنی ئەم دیاردەیە: شەڕی سیاسی. لە ئایاری ٤ی ١٩٤٨دا و لە یاداشتی سیاسیدا، کێنان- کە ئەو کاتە سەرۆکی ستافی پلاندانانی سیاسی بوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا- مشتومڕی ئەوەی کرد کە « لە پێناسە بەرفراوانەکەیدا، شەڕی سیاسی بریتیە لە خستنەگەڕی سەرجەم ئامرازەکانی بەردەست نەتەوە کە -پەنابردنەبەر جەنگی لێدەرچێت- بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی.»

لە تێڕوانینی کێناندا، شەڕی سیاسی، کۆمەڵێك چالاکیی پەنهان و ئاشکرا لەخۆ دەگرێت، کە توخمەکانی هێزی نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت لە پەیوەندی بە بواری دیپلۆماسی و زانیاری و سەربازی و ئابوورییەوە، ئەویش بۆ ناچارکردنی رکابەرەکان و بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ململانێیان لەسەر دەکرێت، بەڵام نەگاتە ئاستی شەڕی تەقلیدی. شەڕی سیاسی شەڕێکە کە دەوڵەتەکان و کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکانیش تەفزیلی دەکەن لە ئێستادا. ئەمە لە کاتێکدا فۆرمە تایبەتەکەی رووسیا بۆ شەڕی سیاسی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە دەستێوەردان لە چەندین هەڵبژاردنی دەرەکییەوە، لە ئێستادا زۆربەی سەرنجی رای گشتی بۆ خۆی کێش کردووە، ئەمە لە کاتێکدا

**زیادکردنی بودجەی وەزارەتی بەرگری لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە - کە زۆربەی تەرخان کراوە بۆ ئامادەکردنی سوپای وڵاتەکەی بۆ ناکۆکییەکی چڕ لەگەڵ چین یان رووسیادا- خۆی لە خۆیدا کێشەی ئەمریکا چارەسەر ناکات لە پەیوەندی بە لاوازی تواناکانیەوە لە بواری شەڕی سیاسیدا**

**بنیادنانەوەی توانای ئەمریکا بۆ بەرپاکردنی شەڕی سیاسی و خۆپاراستنی لەم شەڕە ئەرکێکی ئاسان نابێت، هەروەها ئەمە بە شێوەیەکی سرووشتیش ڕوونادات. بارگرانیی سەرەکیی بەرپاکردنی شەڕی سیاسی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی باڵی مەدەنیی حکومەت- دەزگای هەواڵگری و وەزارەتی دەرەوە- نەک وەزارەتی بەرگری**

**لە ژێر چاودێری ئاژانسی زانیاری ئەمریکادا، ئەمریکا رادیۆی ئەورووپای ئازاد و رادیۆی ئازادی و دەنگی ئەمریکای بەکارهێنا بۆ گەیاندنی پەیامەکان بۆ ئەودیوی پەردەی ئاسنین و بۆ جیهان بەگشتی**

**توانای داعش بۆ دروستکردنی گیانی توندڕەوی و کاریگەربوون لەسەر تاکەکەسەکان بۆ ئەنجامدانی هێرش لە ئەمریکا و ئەورووپا، یەکێکە لە تەحەددیە دژوارەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە**

کە هەر پێنج رکابەرە سەرەکییەکەی ئەمریکا- رووسیا، چین، ئێران، کۆریای باکوور و گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك داعش- بە ئاست و ئەندازەی جیاواز پەنا دەبەنەبەر شەڕی سیاسی. رووسیا پەنا دەباتەبەر بەکارهێنانی «سەربازە دەمامکدراە بەرگ سەوزەکان»، کۆمپانیا سەربازییە تایبەتییەکان و میلیشیا مەحەلییەکان بۆ لکاندنی کریمیا و هەڵگیرسانی شەڕ لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا. ئەوەتا چین کەشتیی «مەدەنی» تایبەت بە راوکردنی ماسی بەکار دەهێنێت بۆ چەسپاندنی بانگەشەکانی لە بارەی دەریای چینی باشوور. ئێران سوپای قودسی سێبەرئاسا و سوپای پەنهانی بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی تۆڕێك لە وەکیلەکانی لە عێراق، سووریا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە بەکارهێنانی میکانیزمەکانی شەڕی سیاسی، ئەوا ئەم کاراکتەرانە دەتوانن پەرە بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، بە بێ ئەوەی خۆیان دوچاری شەڕێکی سەربازی بکەن لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕی سیاسیی هاوچەرخ، سنووری شەڕی بە وەکالەت و بە بەکارهێنانی پەنهانیی هێز تێدەپەڕێنێت. فۆرمی جیاوازی فشاری ئابووری- بەرتیلدان، ئابلۆقەدان، یاخود دەستەبەرکردنی مەرجداری هاوکاری- چەند ئامرازێکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتن کە رۆژگارێکی دوورودرێژە بە کار دەهێنرێن و ئێستاش لە بواری شەڕی سیاسیدا بەکار دەهێنرێن. بواری پەیوەست بە زانیارییەوە گۆڕەپانێکی دیکەی شەڕە کە گرنگی زیاتر و زیاتر بەدەست دەهێنێت. ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ کەمیی ئەو بەربەستانە دەگەڕێتەوە کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە، کە تەنانەت کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانیش- وەك داعش- دەتوانن هەڵمەتێکی چڕ و پڕی زانیاری بخەنەگەڕ بۆ راکێشانی خەڵکی بەلای خۆیاندا و بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەکردن. توانای داعش بۆ دروستکردنی گیانی توندڕەوی و کاریگەربوون لەسەر تاکەکەسەکان بۆ ئەنجامدانی هێرش لە ئەمریکا و ئەورووپا، یەکێکە لە تەحەددیە دژوارەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە.

دەوڵەت و کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانیش بەردەوام رێگای نوێ دەدۆزنەوە بۆ دروستکردنی کاولکاری لە شوێنێکی دوورەدەستی وڵاتەکەیانەوە، بە بێ ئەوەی تەنیا فیشەکێکیش بتەقێنن. هەروەك هەڵسەنگاندنی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا پەردەی لەسەر ئەوە لادا کە رووسیا دەستێوەردانی کردووە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦دا، ئەم میتۆدانەش سەرکەوتوو بوون لە رێی کەڵکوەرگرتن لە کەلێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە لە نێو گەلە بە ئامانجگیراوەکاندا و، دەکرێت کاریگەرییە خوازراوەکانیش بەدەست بهێنێت لە رێی دروستکردنی لێڵی و تەمومژی، هەروەها لە رێی قەناعەت پێ هێنانەوە. کەواتە ئایا ئەمریکا دەتوانێت سەرکەوتووانە بەرەنگاری ئەم فۆرمە ناڕاستەوخۆیەی شەڕی سیاسی ببێتەوە و تێیدا باڵادەست بێت ؟ لە راستیدا خودی ئەمریکاش شەڕی سیاسی بەکارهێناوە لە مێژووی خۆیدا، دیارترینیان لە دەیەکانی شەڕی ساردا. لە کاتێکدا سەرنجدراوە لە شکستەکانی ئەنجامدانی کردارە پەنهانەکان، وەك هەوڵی ئیدارەی کەنەدی بۆ رووخاندنی رژێمەکەی کاسترۆ و هەوڵی شکستخواردوی ئیدارەی رێگان بۆ بەهێزکردنی پێگەی گرووپی یاخیبووان (کۆنتراکان) لە نیکاراگوا، بەڵام شەڕی سیاسی کە لەلایەن ئەمریکاوە بەرپاکراوە، بەرفراوانتر و سەرکەوتووتر بووە، وەك لەوەی وێنای دەکرێت. ئەمریکا هاوکاری و یارمەتی دەستەبەر کرد بۆ پارتە چەپڕەوەکان لە فەرەنسا و ئیتاڵیا، ئەویش وەك بەدیلێك بۆ پارتە کۆمۆنیستەکانی رۆژگاری سەرەتای شەڕی سارد و پشتیوانی لە (بزووتنەوەی تەبایی) کرد لە خەبات و تێکۆشانیدا بۆ رزگارکردنی پۆلەندا لە دەسەڵاتی کۆمۆنیزم. لە ژێر چاودێری ئاژانسی زانیاری ئەمریکادا، ئەمریکا رادیۆی ئەورووپای ئازاد و رادیۆی ئازادی و دەنگی ئەمریکای بەکارهێنا بۆ گەیاندنی پەیامەکان بۆ ئەودیوی پەردەی ئاسنین و بۆ جیهان بەگشتی. بە هەمان شێوە، لەگەڵ دەستپێکی پڕۆژەی مارشاڵدا، هاوکاریی دەرەکی بووە ئامرازێکی گرنگ لە راگرتنی بەرفراوانبوونی کۆمۆنیزم.

دوای شەڕی سارد، شەڕی سیاسی نەچووە چوارچێوەی بایەخپێدانی ئەمریکاوە. بە بێ هەڕەشەی کۆمۆنیزم، یان هەڕەشەی هێزێکی مەزنی رکابەر، سەرنجدانی ستراتیژی ئەمریکا لەم ناکۆکییەوە گۆڕا بۆ هێنانەدی ئامانجی دیکە. تەنانەت هەندێ لە ژێرخانەکانی شەڕی سیاسی بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشێنرانەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانی دیکە پێیانوابوو ئەرکەکانیان بە رادەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە. بە دڵنیاییەوە، رکابەرەکانی ئەمریکا هەمان رێچکەی ئەمریکایان نەگرتەبەر، لەبەر ئەوە ئەمریکا هەوڵ دەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و پێگەی باڵادەستیی پێشووی بەدەست بهێنێتەوە لەم جۆرە هەڵمەتەدا.

بنیادنانەوەی توانای ئەمریکا بۆ بەرپاکردنی شەڕی سیاسی و خۆپاراستنی لەم شەڕە ئەرکێکی ئاسان نابێت، هەروەها ئەمە بە شێوەیەکی سرووشتیش روونادات. بارگرانیی سەرەکیی بەرپاکردنی شەڕی سیاسی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی باڵی مەدەنیی حکومەت- دەزگای هەواڵگری و وەزارەتی دەرەوە- نەك وەزارەتی بەرگری. تا ئەو رادەیەی کە وەزارەتی بەرگری رۆڵی هەبێت لە شەڕی سیاسیدا، ئەوا دەبێت ئەم شەڕە لە رێی ئۆپەراسیۆنی تایبەتییەوە ئەنجام بدات، نەك لە رێی هێزە تەقلیدییەکانەوە. لە دەرئەنجامدا، زیادکردنی بودجەی وەزارەتی بەرگری لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە - کە زۆربەی تەرخان کراوە بۆ ئامادەکردنی سوپای وڵاتەکەی بۆ ناکۆکییەکی چڕ لەگەڵ چین یان رووسیادا- خۆی لە خۆیدا کێشەی ئەمریکا چارەسەر ناکات لە پەیوەندی بە لاوازی تواناکانییەوە لە بواری شەڕی سیاسیدا. لە راستیدا، بۆی هەیە کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتی دەرەوە، پرۆگرامی ئەمریکا بۆ پەرەپێدان و ئاژانسە مەدەنییەکانی دیکە ئەم کەلێنە گەورەتر بکات. لەبری ئەوە، هەڵمەتی سەرکەوتووانە لەبواری شەڕی ساردا ئەوە دەخوازێت کە سەرجەم حکومەت لەم هەوڵەدا بەشدار بێت. چەند ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر لە ئارادان لەم رووەوە، وەك دروستکردنی گرووپی زانیاریی پەیوەست بە رووسیاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کاری زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی کارا ململانێ بکەین. دەکرێت دەزگای هەواڵگری هەنگاوێکی شایستە هەڵبگرێت لەم رووەوە، وەك زیادکردنی هاوکاری و توانای شرۆڤەکاری لە پەیوەندی بە بەرگرتن بە هەوڵە تێکدەرەکان و ناچارکردن و هەڕەشەکانی دیکەوە، جگە لە شەڕی تەقلیدی. وەزارەتی بەرگری بەگشتی و ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان بەتایبەتی، دەتوانن رۆڵی سەرەکی ببینن لە بەرهەڵستیکردنی شەڕی بەوەکالەت و بەکارهێنانی هێزی ئەمریکا بە شێوەیەکی پەنهانی دژی رکابەرەکانی. لە هەندێ حاڵەتدا، ئەمە پێویستی بە سەرچاوەی زیاترە. چونکە پێویستییەکی زیاترمان بە تیمی پشتیوانی پەیوەست بە زانیاری سەربازی و هەروەها بە کارمەندی هەواڵگری سەربازی دەبێت. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، ئەمە پێویستی بە گۆڕانکاریی رێکخراوەیی زیاتر دەبێت- لە نێویاندا هاوکاری زیاتری نێوان وەزارەتی دەرەوە و بەرگری.

لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە سیاسییە پتر پەیوەستە بە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانەوە لە دادگای رای گشتیدا، ئەوا وەزارەتی دەرەوە خۆی لە چەقی ئەو شەڕەدا دەبینێتەوە- هەم لە رووی بینینی رۆڵی دیپلۆماسیەتی گشتی، هەروەها لە رووی هەماهەنگیکردن و رێکخستنی کاردانەوەی حکومەتی ئەمریکا لە دەرەوەدا، ئەویش بۆ ئەوەی ئاژانسە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی یەکگرتوو کار بکەن لەم رووەوە. ئەمەش پێویستی بە سەرچاوەی زیاتر و بە گۆڕینی تەرکیز و سەرنجەکانمان دەبێت.

ئەوەی گرنگە لەبەرچاوی بگرین، ئەوەیە لەبەر ئەوەی شەڕی سیاسی درێژکراوەی شەڕی تەقلیدییە، نەك جێگرەوەی، ئەوا ئەمریکا ناتوانێت بە تەنیا تەرکیز لەسەر دوورخستنەوەی ئەوانی دیکە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەبێت سوپای ئەمریکا خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕێکی چڕ لەدژی هێزە مەزنەکان. بەڵام نابێت لە میانەی خۆی ئامادەکردن بۆ ئەم شەڕانە، ئەمریکا ململانێی ستراتیژی نادیدە بگرێت کە رۆژانە لە بواری شەڕی سیاسیدا روودەدات.

**فۆرمی جیاوازی فشاری ئابووری- بەرتیلدان، ئابلۆقەدان، یاخود دەستەبەرکردنی مەرجداری هاوکاری- چەند ئامرازێکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتن کە رۆژگارێکی دووردرێژە بە کار دەهێنرێن و ئێستاش لە بواری شەڕی سیاسیدا بەکار دەهێنرێن**

**چین کەشتیی «مەدەنی» تایبەت بە راوکردنی ماسی بەکار دەهێنێت بۆ چەسپاندنی بانگەشەکانی لە بارەی دەریای چینی باشوور. ئێران سوپای قودسی سێبەرئاسا و سوپای پەنهانی بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی تۆڕێک لە وەکیلەکانی لە عێراق، سووریا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**فۆرمە تایبەتەکەی رووسیا بۆ شەڕی سیاسی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە دەستێوەردان لە چەندین هەڵبژاردنی دەرەکییەوە، لە ئێستادا زۆربەی سەرنجی رای گشتی بۆ خۆی کێش کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەر پێنج رکابەرە سەرەکییەکەی ئەمریکا- رووسیا، چین، ئێران، کۆریای باکوور و گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک داعش- بە ئاست و ئەندازەی جیاواز پەنا دەبەنەبەر شەڕی سیاسی**



## هێرشە ئاسمانی و مووشەکییەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا بۆ سەر سووریا

# باجی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد پیشانی رووسیا و ئێران دەدرێت



سیباستیان گۆرکا، کە ماوەی نزیکەی ٨-٩ مانگ راوێژکاری ستراتیژی سەرۆك ترەمپ بووە، دوای بەرکارهێنانی گازی کیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە دژی هاووڵاتیانی سڤیلی شاری دۆما، لە رۆژی ٩ی نیسان وتارێکی لە رۆژنامەی زە هیل (the Hill) بە ناونیشانی (شەڕی ئێمە لە سووریا. وەك شەڕی عێراق نییە) بڵاوکردۆتەوە، لەم ناونیشانەش مەبەستی ئەوەیە، ئەگەر ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ بەو مەبەستە هێرشی کردبێتە سەر عێراق بۆ ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن بڕووخێنێت، ئەوا هێرشی ئەمجارەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر سووریا بۆ رووخاندنی رژێمی ئەسەد نییە، هەروەك راستەوخۆش لەدوای هێرشەکەی بەرەبەیانی ١٤ی نیسانیش بینیمان، لەگەڵ هەریەك لە (دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا، ئەمانوئیل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا، تیرازا مەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا) بە راشکاوی رایانگەیاند، فەرمانیان بە هێزە چەکدارەکانیان کردووە کە هێرش بکرێتە سەر چەند ناوچەیەکی دیارکراو لەناو خاکی سووریا و ئامانجی ئەم هێرشەش تەنیا بۆ تێکشکاندنی چەکە کیمیاییەکانی رژێمی ئەسەدە، نەك رووخاندنی رژێمەکە، هەروەها بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە رژێمی ئەسەد نەوێرێت چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی سڤیلی خۆی بەکار بهێنێتەوە.

جیاوازیی هێرشە ئاسمانی و مووشەکییەکانی نیسانی ٢٠١٨، لەگەڵ هێرشە مووشەکییەکەی نیسانی ٢٠١٧، ئەوەیە کە ساڵی پار، دۆناڵد ترەمپ بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، هەروەها بە بێ گەڕانەوە بۆ کۆبوونەوەی چڕ و پڕ لەگەڵ کۆشکی سپی، فەرمانی مووشەکبارانکردنی فڕۆکەخانەی شوعەیراتی دەرکرد، وەك سزادانێکی رژێمی سووریا لەسەر کیمیابارانکردنی شاری (خان شیخون)، ئەمەش مانای ئەوەیە هێرشی مووشەکیی ساڵی پاری ئەمریکا، هێرشێکی تاکلایەنەی سەرۆکی ئەمریکا بووە و هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی لە پشت نەبووە، بەڵام هێرشەکەی چەند رۆژی رابردووی بۆ سەر سووریا، لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە هۆی بەکارهێنانی ڤیتۆی رووسیاوە، نەیتوانی چەترێکی شەرعییەتی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی دروست بکات، بەڵام ئەمجارەیان ئەمریکا لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش توانی لە ژێر چەتری هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و بە هاوبەشی لەگەڵ (فەرەنسا و بەریتانیا) هێرشێکی سێ قۆڵی بۆ سەر سووریا ئەنجام بدەن، دوای ئەنجامدانی هێرشەکەش تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی (ناتۆ) بە تورکیاشەوە پێشوازییان لەو هێرشە کرد و لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییش، بەتایبەتی سعودیە پێشوازی لێکراوە.

لێرەوە ئەگەر بڕیاری بەرپەرچدانەوەی رژێمی ئەسەد لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنساوە، لە بازنە سەربازییەکەی بێنینە دەرەوە و وەك بڕیارێکی سیاسی و ستراتیژیی ناتۆ و هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا، خوێندنەوەی بۆ بکەین، ئەوا راشکاوانە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەو هاوپەیمانییەی چەند رۆژی رابردوو بۆ هێرشکردنە سەر رژێمی ئەسەد دروست بوو، پێشتر و لە ئاداری ئەمساڵدا لە دژی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی نۆڤۆچۆك (Novi-chok) لەلایەن رووسیاوە بۆ کوشتنی سیرگی سکریبالی کۆنە جاسووسی دووسەرە و یولیای کچی لە بەریتانیا، دروست بووە و بە یەکجار زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت دیپلۆماتەکانی رووسیایان لە وڵاتەکەی خۆیان دەرکرد و دیپلۆماتەکانی خۆشیان لە موسکۆ کشاندەوە.

قسەکردن لەسەر بایەخ و گرنگیی دروستکردنی هاوپەیمانی لەنێوان دەوڵەتانی رۆژئاوا و ناتۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی رووسیا، بە وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ و ستراتیژی لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی دەوڵەتانی رۆژئاوا و ناتۆ دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەدوای ئەوەی رووسیا لە ساڵی ٢٠١٤ بە زەبری هێز، کریمای ئۆکرانیا کردەوە و لکاندنی بە رووسیاوە، گەورەترین کێشەی رۆژئاوا (یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ) ئەوە بوو کە نەیاندەتوانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە هاوشێوەی ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی لە ساڵی ١٩٩٠ دژی سەدام حوسێن لە دوای داگیرکردنی کوەیت، دروست بکەن، هەروەها دەوڵەتانی (ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا)ش نەیاندەتوانی هاوپەیمانییەکی

**لە ئێستادا کە جارێکی دیکە ئەمریکا و رۆژئاوا پێویستیان بەوەیە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێکبخەنەوە، ئەوا بەبێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵ و پێگەی کوردستان و سیاسەتی لۆژیکانەی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر زەحمەتە بتوانن هیچ گۆڕانکارییەک دروست بکەن، یان هەنگاوێک هەڵبگرن کە ئاکامێکی ئیجابییانەی هەبێت**

**هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی ئازادانە و دیموکراتییانە بڕیاری خۆی داوە بۆ چۆنیەتی پەیوەندیی ئایندەی نێوان کوردستان و عێراق، بەڵام ئەو سیاسەتە لۆژیکانەیەی بڕیاری ریفراندۆمی داوە بۆ ئەم ئامانجە، ئەوەی رەچاوکردووە کە دەبێت پەیوەندیی داهاتووی نێوان عێراق و کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دابمەزرێت**

**لەدوای داگیرکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەناوچەی فرە ئایین و نەتەوە ناسراون و پێشتر هەموو پێکەوە لە چوارچێوەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەژیان، بەڵام ئێستا حەشدی شەعبی سووکایەتی بەتەواوی نەتەوە و ئایینەکان دەکات و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بوونی نەماوە**

ئەتڵەسی دروست بکەن، بۆ ئەوەی بە زەبری هێز رووسیا لە کریما بکشێننەوە، لەبەر ئەوەی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی رۆژئاوایی دژی رووسیا مەترسی هەڵایسانی شەڕی سێیەمی جیهانی لێدەکرا، کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی مەزندەی ئاکامی کاولکاریی ئەو شەڕە بکات، بەمەش بەکردەیی ئەوەی پێی دەگوترا (سیستمی نوێی جیهان)، یان ئەوەی رۆژئاوا پێی دەگوت (سیستمی لیبرالیی جیهانی) کۆتایی هات، دیارە وەك ئەنتۆنی گرامشیش گوتەیەتی (سیستمە کۆنەکە دەمرێت، بەڵام هێشتا سیستمە تازەکە نەیتوانیوە لە دایك بێت)، ئەوا دروستبوونی هاوپەیمانی بۆ پشتیوانیی بەریتانیا لەدژی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی نۆڤۆچۆك لەلایەن رووسیاوە لەناو بەریتانیادا و هەروەها دروستبوونی هاوپەیمانی بۆ پشتیوانی ئەمریکا لە دژی بەکارهێنانی گازی کلۆر لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە دژی هاووڵاتیانی سڤیلی شاری (دۆما)، سەرەتای لەدایکبوونی سیستمێکی دیکەی جیهانییە، ئەم سیستمە جیاواز دەبێت لە (سیستمی لیبرالیی نێودەوڵەتی) کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهان لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاواوە دامەزرێنرا، هەروەها جیاوازیش دەبێت لەو سیستمە جیهانییەی کە جۆرج بوشی باوك بە ناوی (سیستمی نوێی جیهانی) رایگەیاند.

دیارە رووسیا لەدوای ئەنجامدانی هێرشەکەی (ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا) بۆ سەر رژێمی ئەسەد، داوای کردووە بەپەلە ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر پێشێلکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی کۆبوونەوە بکات و ئیدانەی هێرشەکەی ئەو سێ وڵاتە بکەن، بەڵام هەر لەم خولەی ئێستای ئەنجومەنی ئاسایشدا، لە کۆی ئەو ١٥ دەوڵەتەی ئەندامن لەم خولەدا، بەشی زۆریان ئەو دەوڵەتانەن کە پشتگیری ئەو هێرشە دەکەن، ئەمەش راشکاوانە لە کۆبوونەوەکانی هەفتەی رابردووی ئەنجومەنی ئاسایش رەنگدانەوەی هەبووە و کاتێك نوێنەرانی (فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا) ئامادە نەبوون گوێ لە قسەکانی بەشار جەعفەری نوێنەری رژێمی ئەسەد بگرن، نوێنەری چەندین دەوڵەتی دیکەش وەك پشتیوانی بۆ هەڵوێستی ئەوان لە کۆبوونەوەکە چوونە دەرەوە و ئامادە نەبوون گوێ بۆ قسەکانی رژێمی ئەسەد بگرن. هەروەها ئەو سێ دەوڵەتە، هەر سێکیان مافی ڤیتۆیان هەیە و ئەنجومەنی ئاسایش ناتوانێت هیچ بریارێك لە دژیان دەربکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئەمجارەیان کاردانەوەی رووسیا داواکردنی کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجومەنی ئاسایشە؟ لەسەر ئەمە چەند بۆچوونی جیاواز هەیە:

١- لەوانەیە لەبەرچاونەگرتن، یان بایەخ دانەنان بۆ ڤیتۆی ئەمجارەی رووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش و دروستبوونی هاوپەیمانییەکی فراوانتر لە ناتۆ بۆ تەحەدداکردنی ڤیتۆی رووسیا، لە مەزندەی کرملین گەورەتر بووبێت و، لەوانەیە رووسیا پشتگیری و پشتیوانییە دیپلۆماتییەکەی ٢٠ دەوڵەت بۆ بەریتانیا، بە گەورەترین کاردانەوەی رۆژئاوا بەرامبەر رووسیا لە قەڵەم دابێت و لەسەر ئەوە گرەوی کردبێت کە هەرگیز لەناو (ناتۆیەکی لەبەریەك هەڵوەشاوە، یەکێتییەکی ئەوروپا لەرزۆك، ئیدارەیەکی نەگونجاوی وەك ئیدارەی ترەمپ، فەرەنسایەکی ناوەندی تیرۆری ئیسلامی سیاسی) هاوپەیمانییەکی لەو ئاستە دروست نابێت کە لە رووی سەربازی و سیاسی و ستراتیژی و دیپلۆماتییەوە، تەحەددای رووسیا بکەن و هیچ ئیعتوبارێك بۆ ڤیتۆکەی دانەنێن، بەپێی ئەم بۆچوونە رووسیا هەوڵدەدات لە چوارچێوەی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەی کە خۆی پێش هەمووان پێشێلی کردووە، ئیعتوبار بۆ خۆی بگێڕێتەوە و سەرکۆنەی هێرشەکە بکەن.

٢- رووسیا لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە بە راشکاوی ئەوەی راگەیاندووە کە سیستمی جیهانی ئەوەی ئەو ناوی لێناوە (پاکس ئەمریکانە - Pax- Americana) کۆتایی هاتووە و دەبێت جیهان ئەمری واقیعی «فرەجەمسەری» قبووڵ بکات، بەپێی ئەم بۆچوونە رووسیا دەیەوێت وەك جێگرەوەی (یەکێتی سۆڤیەتی پێشان) لەناو ئەنجومەنی ئاسایش مامەڵە بکات و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەوەی رووسیا بە دروستی زانی، دەبێت وەك بەشێك لە (سیستمی نێودەوڵەتی) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و سیاسەت و ستراتیژیەتی رووسیا، وەك سیستمێکی جیهانی قبووڵ

**هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش نەیتوانی ببێتە لایەنی سەرکەوتووی براوە لەشەڕی دژی داعش و براوەی سەرەکیی شەڕەکە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی و کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، بەمەش خەلافەتی ئیسلامی رووخێنرا و وەک خەڵات پێشکەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا**

**لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا کە بەڕێوەن لە ئایندەیەکی نزیکدا روودەدەن، هەرێمی کوردستان رۆڵ و پێگەیەکی دیاریکراوی دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆک مسعود بارزانی لە شەڕی دژی داعش و بۆ قۆناخی دوای داعش، لە هەردوو ئاستەکە تەواوکاری سیاسەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بووە**

**هەنگاوی داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی نفووزی ئێران دەبێت لەناوچەکە، ئەمەش تا ئەو ئاستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەوڵەتێکی ئاسایی رەفتار بکات و دەست لەکاروباری هیچ دەوڵەتێکی دیکە وەرنەدات، ئەمەش هەرگیز روونادات، هەتا سەرچاوە داراییەکانی سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانی نەخرێنە ژێر چاودێرییەکی توند و سزایان بەسەردا نەسپێندرێت**

**پلانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە رێککەوتن لەگەڵ تاقمێک لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای ئەووەش زەمینە رەخساندن بۆ هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و داگیرکردنەوەی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، جیا لەوەی وەک کارەساتێک بۆ سەر کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بە سەرکەوتنی قاسم سولەیمانی و شکستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێت**

بکرێت. دیارە رووسیا لە چەندین هەنگاودا وەك (لکاندنی کریما بە رووسیاوە لە ٢٠١٤)، (دەستتێوەردانی راستەخۆی لە شەڕی سووریا بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد لە ٢٠١٥)، ( دەستتێوەردانەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ی ئەمریکا و ٢٠١٧ی فەرەنسا)، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر (رووسیا توانی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وەربگرێتەوە و خۆی و ئێران بکاتە براوەی سەرەکی شەڕی دژی داعش)، سەرکەتوو بووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر رووسیا وەك خۆی دەڵێت: جێگرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانە، ئایا بە کردەیی رووسیا گەیشتۆتەوە ئەو ئاستەی سۆڤیەتی پێشان، کە بتوانێت لە هەموو روویەکەوە سەرکردایەتیی جەمسەرێکی جیهان بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەم یەك دوو مانگەی پێش کردنەوەی مۆندیالی ٢٠١٨ دەیداتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئایا رووسیا دەتوانێت لەم یەك دوو مانگەدا لاسەنگیی خۆی لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی راست بکاتەوە و هاوشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەی سووریا بکات، یان وەك یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەسەر مانەوەی لە ئەفغانستان پێدادەگرێت، کە ئۆلۆمپیادی مۆسکۆی ١٩٨٠ی کرد بە سەرەتایەك بۆ هەڵاوسانێکی گەورەی ئابووریی ئەوتۆ، کاتێك گۆرباچۆف هەوڵیدا راستی بکاتەوە، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشا.

- **سەرەتای وەرگرتنەوەی دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش و هەڵوەشانەوەی هیلالی شیعی**

لە شەڕی دژی داعشدا، ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی شەڕی ئاسمانییان بۆ خۆیان هەڵبژاردو، شەڕی زەمینییان لە (سووریا) بۆ ئێران و رووسیا و لە (عێراق) بۆ ئێران و میلیشیا وەکیلەکانی حەشدی شەعبی بەجێهێشت. بەمەش هێزی ئاسمانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەتایبەتی هێزە ئاسمانییەکانی (ئەمریکا و فەرەنسا) بوونە هێزی ئاسمانی بۆ ئامانجەکانی رووسیا بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد و هێزی ئاسمانی بۆ سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانیان لە عێراق و سووریا

**ئەمریکا و رۆژئاوا بێجگە لە زەمینە رەخساندن بۆ عەرەبی سوننە هیچ رێگەیەکی دیکەیان نییە، ئەگەر عەرەبی سوننەش لەناوچەکانی خۆیان باڵادەست بن، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە پرۆژەی هیلالی شیعی لە ریشە هەڵکێشراو کۆتایی دێت**





و سەرەنجامیش بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان، رووسیا و ئێران بوونە براوەی کردەیی شەڕی دژی داعش و لەبەرامبەریشدا هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بوونە قوربانی، ئەمە لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکەم هێزی سەر زەوی بوو کە توانی ئەفسانەی داعش تێکبشکێنێت و، سعودیەش یەکەم وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی بوو کە لە دژی خواستی فراوانخوازی ئێران، بەرەیەکی فراوانی دژی حوسییەکانی یەمەن راگەیاند.

پێدەچێت لەدوای هێرشە سێ قۆڵییەکەی (بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا) لە بەرەبەیانی ١٤ی نیسانی ٢٠١٨ کە هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە ئامانج لەم هێرشانە رووخانی رژێمی ئەسەد نییە، ئەوا مانای ئەوەیە جارێکی دیکە رۆژئاوا لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی تازەدا و لەم شەڕە تازەیەی کە لە دژی چەکە کیمیاییەکانی رژێمی ئەسەد رایانگەیاندووە، دیسان جارێکی دیکە ئاسمانیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و، زەوییان بۆ رژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی کە رووسیا و ئێرانە بەجێهێشووە، بەڵام جیاوازیی جووڵەی ئەمجارەی هاوپەیمانان لە ئاسمان لەگەڵ جووڵەی هاوپەیمانان لە ئاسمانی شەڕی دژی داعشدا ئەوەیە، لەشەڕی دژی داعشدا، هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان چەترێك بوو بۆ پاراستنی رژێمی ئەسەد و میلیشیا شیعەکانی سەر بە سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانی، بەڵام ئەمجارەیان هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان دەبێتە ئاگرباران بۆ رژێمی ئەسەد و میلیشیا شیعەکانی وەکیلی سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانی.

**مەزندەی ئەوە دەکرێت کە جارێکی دیکە رق و کینەی عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراق دژی میلیشیاکانی شیعە بتەقێتەوە، ئەمەش هەر روودەدات، ئەگەر هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی وەک پشتیوانییەکی بەهێز بۆ سوپاکەی ئەسەد و سیاسەتی شیعەگەرایی بەغدا و میلیشیا شیعەکانی سووریا و عێراق نەمێننەوە**

دیارە لە هێرشە سێ قۆڵییەکەی چەند رۆژی رابردوو کە هاوپەیمانیی ناتۆ وەك هێرشی هاوپەیمانییەکە رایگەیاند، بەهیچ جۆرێك هێرش نەکراوەتە سەر ئەو ئامانجانەی کە رووسیا وەك بەرژەوەندی خۆی سەیریان دەکات، یەکەمیان رووسیا پێداگیری لەسەر مانەوەی رژێمی ئەسەد دەکات، دووەمیان ئەو شوێنانەی هێزی رووسی لێیە، نەکراونەتە ئامانج، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا و رۆژئاوا ئامانجیان ئەوەیە راستەوخۆ لەگەڵ رووسیا رووبەڕوو نەبنەوە، بەڵام رووسیا وەك ئەناتۆلی ئەنتۆنۆف باڵیۆزی رووسیا لە ئەمریکا رایگەیاندووە، ئەم هێرشە بۆ سەر رژێمی ئەسەد وەك ئەوە وایە سووکایەتی بە کەسی فلادیمر پوتین کرابێت، لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە کە هیچ حیسابێك بۆ ڤیتۆکەی رووسیا نەکراوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەو بێ منەتییەی ناتۆ و رۆژئاوا بەرامبەر رووسیا، لەوانەیە پۆتین وەك تۆماس فریدمان ئاماژەی پێکردووە، ئەمجارەشیان (گۆشتێکی زۆری گۆلك بە چەند کلۆ شەکرێك بگۆڕێتەوە)، واتە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات پیشانی بدات، پیاوێکی بەهێزی جیهانە، زیاتر خۆی لەشەڕی سووریا بگلێنێت. بۆ ئەمەش باجێکی قورس دەدات کە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ئابووریی رووسیا دەبێت.

**میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران بە ئاستێک غروور بوون، کە نەک هەر سوپاسی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ناکەن، بەڵکو ئاڵای ئەمریکا دەسووتێنن و دەیخەنە ژێر پێیانەوە، هەروەها مامەڵەشیان لەگەڵ عەرەبی سوننە لە هەر دوو دیوی سووریا و عێراق، بە هاوشێوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ دیلی جەنگ و هیچ حیسابێک بۆ کەسایەتی و کەرامەتیان ناکەن**

لەوانەیە هەندێك لە خوێندنەوەی ئەم هاوکێشە تازەیەی هێرشەکانی چەند رۆژی رابردوو دروستی کردووە، ئەو پرسیارە بکەن، ئەگەر ئەمریکا و رۆژئاوا نەیانەوێت دەستتێوەردانی زەمینی بکەن و رژێمی ئەسەد برووخێنن، ئایا هێرشی ئاسمانی چ سوودێکی دەبێت؟ لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئێمەی کورد کە خۆمان کارەساتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییمان چەندین جار بینیوە، قورس نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ کاتێك رژێمی بەعس بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردستان چەکی کیمیایی بەکارهێنا، هاوپەیمانییەکی لەمجۆرەی ئێستا دژی رژێمی سەدام حوسێن پێکبهاتایە بۆ ریگرتن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئایا رژێمی سەدام دەیتوانی هەموو کوردستان بە هەڵەبجەشەوە کیمیاباران بکات و تەواوی کوردستان ئەنفال بکات؟ با لە خۆمان بپرسین ئەگەر هەر لەسەرەتاوە هاوپەیمانییەکی وەك ئەوەی ئێستا لەئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی رژێمی ئەسەد دروست بووە، دژی سەدام حوسێن دروست بووایە، ئایا وەرچەرخانی گەورە لەناو شۆڕشی کوردستان دروست نەدەبوو؟ ناوچە ئازادکراوەکان زیاتر نەدەبوو؟ رژێمی بەعس نەدەشکا؟

دیارە ئامانجی سەرەکی لە هێرشەکەی ئەمجارە بۆ راگرتنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە، ئەوەیە

کە جۆرێك لە مۆراڵ و ورە بۆ چەكدارەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە دژی ئەسەد دروست ببێتەوە كە لەساڵی ٢٠١٦وە رژێمی ئەسەد بە پشتیوانیی رووسیا و ئێران توانیویەتی بە بەكارهێنانی چەكی كیمیایی بەشێكی زۆری خاكەكەی كۆنترۆڵ بكاتەوە، بەڵام ئێستا كە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ و هاوپەیمانەكانی دیكەی ئەمریكا لەناوچەكە هاتوونەتە سەر خەت كە نابێت جارێكی دیكە بواری ئەوە بدرێت چەكی كیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە بەكار بهێنرێت، ئەوا لەبەر ئەوەی هێزی سەربازیی رژێمی ئەسەد لە رووی ژمارەوە بەو ئاستە نییە كە بتوانێت كۆنترۆڵی تەواوی خاكی سووریا بكات، لە رووی ئیمكانیەتیشەوە ئەو سوپا بەهێزە نییە كە خاوەنی چەك و تەكنەلۆژیای پێشكەوتووی سەربازی بێت، هەروەها میلیشیا وەكیلەكانی ئێران بەتایبەتی لیواكانی زەینەب و فاتیمە كە هەموویان شیعەی ئەفغانی و پاكستانین و وەك كرێ گرتە بە ئامانجی پارە و وەرگرتنی ئیقامە لە ئێران بەشداریی ئەو شەڕە دەكەن، ئەوا ئەوانیش ئەگەر بە هاوشێوەی شەڕی دژی داعش لە ئاسمانەوە پشتیوانییەكی چڕ و پڕیان نەبێت، ناتوانن شەڕەكە بكەن، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠١٥ بە تەواوی میلیشیاكانی حەشدی شەعبی و راوێژكارانی سەربازی حزبوڵای لوبنانی و فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، تەنیا بە هۆكاری ئەوەی هێزەكانی ئەمریكا هێرشی سەربازییان بۆ سەر شاری تكریت راگرت، ماوەی ١٩ رۆژ، میلیشیكانی حەشدی شەعبی نەیانتوانی بچنە ناو شاری تكریتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هێزێكی ئاسمانی كاریگەر بوونی نەبێت، میلیشیا وەكیلەكانی سوپای پاسداران ئەو شەڕكەرانە نەبوون كە بتوانن شەڕی داعش بكەن.

بۆ بارودۆخی ئێستای رژێمی سووریا و هاوپەیمانەكانی (رووسیا و ئێران) كە ئامانجیان ئەوەیە بە هەر رێگەیەك و بە هەر نرخێك بێت، بە زووترین كات بارودۆخەكە كۆنترۆڵ بكەن، لەبەرامبەریشدا ئەمریكا لەسەر زاری ترەمپەوە ئەوەی راگەیاندووە كە هێزەكانی ئەمریكا لە سووریا دەكشێنەوە، ئەوا ئەگەر نەتوانن لە ماوەیەكی كورتدا بارودۆخەكە بە تەواوەتی كۆنترۆڵ بكەنەوە، ئەوا نە رژێمی سووریا بەتەنیا دەتوانێت بەرگەی تێچووی ئەو شەڕە بێ كۆتاییە بگرێت، نە كۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەتوانێت لە پارەی قووتی گەلانی ئێرانی بگێڕێتەوە و بۆ شەڕی ئەودیوی سنوورەكان خەرجی بكات، رووسیاش كە خۆی لە رووی ئابوورییەوە لە حاڵەتێكی باشدا نییە، ئەوا ئەگەر بەتەواوەتی لەشەڕی سووریاوە بگلێت، دەبێت باجێكی قورسی ئابووری بدات. بەڵام كاتێك ئەمریكا و رۆژئاوا دەیانەوێت ئەم هاوكێشەیە پێچەوانە بكەنەوە و، بە رێگەی دروستكردنی هاوسەنگی دژی رژێمی ئەسەد و قورسكردنی باری سەرشانی ئێران و رووسیا، شەڕێكی ئابووری لە دژی ئێران و رووسیا بەرپا بكەن، بارودۆخەكە گۆڕانكاری گەورەی بەسەردا دێت و یان ئەوەیە دەبێت، رووسیا و ئێران باجێكی گەورە لەسەر ئاستی ناوخۆ بدەن بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد، یان دەبێت بۆ راستكردنەوەی باری ئابووریی ناوخۆیان لە سووریا بكشێنەوە.

لایەنێكی دیكە كە جێگەی هەڵوەستەكردنە، كاریگەری ئەم هێرشەیە لەسەر ئەو پڕۆژەیەی كە پێی دەڵێن: «هیلالی شیعی»، بێگومان لای هەموو لایەك ئاشكرایە كە سەركەوتنی پڕۆژەی هیلالی شیعی (واتە گرێدانەوەی تاران بە باشووری لوبنانەوە)، ئەوەش بەرهەمی سەركەوتنی شەڕی دژی داعشە كە بە بەلاش كۆماری ئیسلامی لە ژێر سایەی هێزی ئاسمانیی ئەمریكا و رۆژئاوا دەستی كەوتووە، لەم ناوچەیەشدا كە پێی دەگوترێت «هیلالی شیعی»، میلیشیا وەكیلەكانی سوپای پاسداران بە ئاستێك غروور بوون، كە نەك هەر سوپاسی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ناكەن، بەڵكو ئاڵای ئەمریكا دەسووتێنن و دەیخەنە ژێر پێیانەوە، هەروەها مامەڵەشیان لەگەڵ عەرەبی سوننە لە هەر دوو دیوی سووریا و عێراق، بە هاوشێوەی مامەڵەكردنە لەگەڵ دیلی جەنگ و هیچ حیسابێك بۆ كەسایەتی و كەرامەتیان ناكەن، بۆیە هەمیشە مەزندەی ئەوە دەكرێت كە جارێكی دیكە رق و كینەی عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراق دژی میلیشیاكانی شیعە

**سەركەوتنی پرۆژەی هیلالی شیعی (واتە گرێدانەوەی تاران بە باشووری لوبنانەوە)، ئەوەش بەرهەمی سەركەوتنی شەڕی دژی داعشە كە بە بەلاش كۆماری ئیسلامی لەژێر سایەی هێزی ئاسمانیی ئەمریكا و رۆژئاوا دەستی كەوتووە**

**نە رژێمی سووریا بەتەنیا دەتوانێت بەرگەی تێچووی ئەو شەڕە بێ كۆتاییە بگرێت، نە كۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەتوانێت لە پارەی قووتی گەلانی ئێرانی بگێڕێتەوە و بۆ شەڕی ئەودیوی سنوورەكان خەرجی بكات، رووسیاش كە خۆی لە رووی ئابوورییەوە لە حاڵەتێكی باشدا نییە، ئەوا ئەگەر بەتەواوەتی لەشەڕی سووریاوە بگلێت، دەبێت باجێكی قورسی ئابووری بدات**

بتەقێتەوە، ئەمەش هەر ڕوودەدات، ئەگەر هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی وەك پشتیوانییەکی بەهێز بۆ سوپاکەی ئەسەد و سیاسەتی شیعەگەرایی بەغدا و میلیشیا شیعەکانی سووریا و عێراق نەمێننەوە.

ئامانج لە دروستبوونی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، بە پلەی یەکەم بۆ مانەوەی سیستمی جیهانی بوو، لە ئێستا کە بە کردەیی سیستمی جیهانی نەماوە و ناوچەکە لە بابولمەندەبەوە تا کەنداوی عەقەبە، بۆتە ناوچەی باڵادەستیی و نفووزی میلیشیا شیعەکانی وەکیلی سوپای پاسداران، خۆی لە خۆیدا ئەم باڵادەستییەی میلیشیاکان لەناوچەکەدا، مانایەکی بۆ سیستمی جیهانی نەهێشتۆتەوە، بۆیە ئێستا ئەمریکا و هاوپەیمانیی ناتۆ، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی غەیرەدەوڵەتی بە کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی دەکرێت، بۆ ئەمەش چۆن جۆرج دەبلیو بوش لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لقی عێراق، پەنای بۆ دروستکردنی هێزەکانی سەحوەی عەرەبی سوننە برد و پاشانیش توانی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراقدا تێکبشکێندرێت، بەڵام دواتر وەك دەرهاویشتەی سیاسەتی شیعەگەرایی لە دیمەشق و بەغدا، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش سەریهەڵدا، ئەوا بۆ ئەوەی ڕێگە لە دروستبوونەوەی ڕێکخراوێکی دیکە هاوشێوەی داعش بگیرێت و سیاسەتی شیعەگەرایی میلیشیا شیعەکانیش لە ڕیشەوە هەڵبکێشرێت، ئەوا ئەمریکا و ڕۆژئاوا بێجگە لە زەمینە ڕەخساندن بۆ عەرەبی سوننە هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نییە، ئەگەر عەرەبی سوننەش لەناوچەکانی خۆیان باڵادەست بن، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە پرۆژەی هیلالی شیعی لە ریشە هەڵکێشراو کۆتایی دێت.

**● پێگەی کوردستان**
**لەناو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا**

پلانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە ڕێککەوتن لەگەڵ تاقمێك لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای ئەوەش زەمینە ڕەخساندن بۆ هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و داگیرکردنەوەی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، جیا لەوەی وەك کارەساتێك بۆ سەر کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بە سەرکەوتنی قاسم سولەیمانی و شکستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئیدارەی ئۆباما نەك وەزارەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ.

لەدوای لابردنی ریکس تیلرسۆن کە لە ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپ وەزیری دەرەوە بووە، ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا هەر بەناو وەزارەتێکی ناو ئیدارەکەی بووە، ئەگەرنا بێجگە لە ریکس تیلرسۆن تەواوی ستافی وەزارەت، هەمان ستافی وازەرەتەکەی ئیدارەی ئۆباما بوون، لەمەش سەیرتر ئەوەیە، ریکس تیلرسۆن بڕوای بە هیچ گۆڕانکارییەك نەداوە کە لە ستافی وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێتە ئەنجامدان. هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، ئەمریکا لە ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا، سەرکەوتنی زۆر گەورە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ بەدەست بهێنێت، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، نەك هەر هیچ بەرەوپێشچوونێك ڕووی نەدا، بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا خۆیان دژی یەکتری ڕابوەستنەوە، وەك ئەو گەمارۆیەی لەلایەن سعودیە و هاوپەیمانەکانییەوە خرایە سەر قەتەر، تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و تورکیا، لەسەر ئاستی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپاش، شتێکی ئەوتۆی نەمابوو دابەشبوون لە نێوان ئەورووپا و ئەمریکا بێتەئاراوە. بەڵام ترەمپ لەسەرەتای ئەمساڵەوە بڕیاری دا ئەم سیاسەتە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا بێت، بۆ ئەمەش لە ستافی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە جاری دوو کاراکتەری زۆر گرنگی گۆڕیوە کە یەکێکیان ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوە و ئەوەی دیکەیان ماکماستەری ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە. لە شوێنی ئەم دوو کەسە، مایك پۆمپیۆ بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە پاڵێوراوە کە هەتا ئێستا کۆنگرێس پەسەندی نەکردووە و بە یەکێك لە هەڵو توندەکانی دژی ئێران لەناو ستافی ئیدارەی ئەمریکا ناسراوە، ئەوی دیکەشیان

**لە ساڵی ٢٠١٥ بە تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و ڕاوێژکارانی سەربازی حزبوڵڵای لوبنانی و فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، تەنیا بە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا هێرشی سەربازییان بۆ سەر شاری تکریت ڕاگرت، ماوەی ١٩ ڕۆژ، میلیشیکانی حەشدی شەعبی نەیانتوانی بچنە ناو شاری تکریتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هێزێکی ئاسمانی کاریگەر بوونی نەبێت، میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران ئەو شەرکەرانە نەبوون کە بتوانن شەڕی داعش بکەن**

**ئەمجارەیان ئەمریکا لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش توانی لەژێر چەتری هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و بە هاوبەشی لەگەڵ (فەرەنسا و بەریتانیا) هێرشێکی سێ قۆڵی بۆ سەر سووریا ئەنجام بدەن، دوای ئەنجامدانی هێرشەکەش تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی (ناتۆ) بە تورکیاشەوە پێشوازییان لەو هێرشە کرد**

جۆن بۆلتونە کە لە پۆستی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەست بەکار بووە، ئەمیشیان وەك نیکولاس کریستۆف ستوونووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمز وەسفی کردووە، بۆلتۆن تەنیا هەڵویەکی توندڕۆ نییە، بەڵکو تیراسۆرێکی توندڕۆیە (Pterosaurs)، واتە دایناسۆرێکی باڵدارە، دیارە هەڵبژاردنی ئەم کەسایەتییانە بۆ دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، مانای ئەوەیە دەبێت سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە کە ئاسەواری سەردەمی ئۆبامای پێوە نەمێنێت و ئەمریکا بەشێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە تەواوی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات.

لەم چوارچێوەیەدا لەمیانەی دارشتنەوەی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپدا، هەنگاوی داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی نفووزی ئێران دەبێت لەناوچەکە، ئەمەش تا ئەو ئاستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك دەوڵەتێکی ئاسایی رەفتار بکات و دەست لەکاروباری هیچ دەوڵەتێکی دیکە وەرنەدات، ئەمەش هەرگیز روونادات، هەتا سەرچاوە داراییەکانی سوپای پاسداران و حزبوڵڵای لوبنانی نەخرێنە ژێر چاودێرییەکی توند و سزایان بەسەردا نەسپێندرێت، بە کورتکردنەوەی دەستی سوپای پاسداران و حزبوڵڵای لوبنانی و میلیشیا وەکیلەکانی دیکەی، تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بە سووریا و عێراقیشەوە، دەکەونە بەردەم دووڕیانی ئەوەی، یان دەبێت بە کردەیی خۆیان بکەنە پاشکۆی کۆماری ئیسلامی، یاخود دەبێت واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی وڵاتانی خۆیان بکەن و بە شێوەیەکی لۆژیکانە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن.

دیارە لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا کە بەڕێوەن لە ئایندەیەکی نزیکدا روودەدەن، هەرێمی کوردستان رۆڵ و پێگەیەکی دیاریکراوی دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك مسعود بارزانی لە شەڕی دژی داعش و بۆ قۆناخی دوای داعش، لە هەردوو ئاستەکە تەواوکاری سیاسەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بووە، ئەمەش بەو مانایەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە شەڕەکەدا و لەسەر ئاستی سەربازی سەرکەوتوو بێت، لەسەر ئاستی سیاسی پێکەوەژیان و لێبوردەیی هەبێت، لەسەر ئاستی دەوڵەتەکانی ناوچەکەش، ببنە ئەو دەوڵەتانەی کە سەقامگیرییان هەبێت و پێکهاتە جیاوازەکانی بتوانن لەناو یەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین. لەسەر ئەم سێ ئاستە، سیاسەتی لۆژیکانەی بارزانی فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ هەر سێ ئامانجەکە، بەڵام دوای ئەوەی ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نەیانتوانی وەك خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەم سیاسەتە لۆژیکانەیە بکەن و پرسەکەیان بچووك کردەوە بۆ سەرکەوتنی کۆمارییەکان و شکستی دیموکراتەکان، ئەوا ئەگەر سەیری بارودۆخی ناوچەکە بکەین لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، ئەوا ئەو سێ ئامانجەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشی لەسەر پێکهات، هیچیان بوونیان نەماوە، هەر بۆ نموونە:

١- هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش نەیتوانی ببێتە لایەنی سەرکەوتووی براوە لەشەڕی دژی داعش و براوەی سەرەکیی شەڕەکە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی حزبوڵڵای لوبنانی و کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، بەمەش خەلافەتی ئیسلامی رووخێنرا و وەك خەڵات پێشکەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا.

٢- لەدوای داگیرکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەناوچەی فرە ئایین و نەتەوە ناسراون و پێشتر هەموو پێکەوە لە چوارچێوەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەژیان، بەڵام ئێستا حەشدی شەعبی سووکایەتی بەتەواوی نەتەوە و ئایینەکان دەکات و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بوونی نەماوە.

٣- لەسەر ئاستی رێکخستنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی سووریا و عێراق، دیارە ئەوە سووریا دەبینین چۆن یاری بە کەرامەتی هاووڵاتیانی خۆی دەکات و چەکی کیمیایی لە دژیان بەکار دەهێنێت، هەروەها حکومەتی عێراقیش دەبینین چۆن مامەڵە لەگەڵ عەرەبی سوننە و چۆنیش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات.

**جیاوازیی جووڵەی ئەمجارەی هاوپەیمانان لە ئاسمان لەگەڵ جووڵەی هاوپەیمانان لە ئاسمانی شەڕی دژی داعشدا ئەوەیە، لەشەڕی دژی داعشدا، هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان چەترێک بوو بۆ پاراستنی رژێمی ئەسەد و میلیشیا شیعەکانی سەر بە سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانی، بەڵام ئەمجارەیان هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان دەبێتە ئاگرباران بۆ رژێمی ئەسەد و میلیشیا شیعەکانی وەکیلی سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانی**

**رووسیا لە چەندین هەنگاودا وەک (لکاندنی کریما بە رووسیاوە لە ٢٠١٤)، (دەستتێوەردانی راستەخۆی لە شەڕی سووریا بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد لە ٢٠١٥)، (دەستتێوەردانەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ی ئەمریکا و ٢٠١٧ی فەرەنسا)، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر (رووسیا توانی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وەربگرێتەوە و خۆی و ئێران بکاتە براوەی سەرەکی شەڕی دژی داعش)، سەرکەوتوو بووە**



بۆ گێڕانەوەی ئەم سێ ئامانجە بۆ سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەوا لە قۆناخی داهاتوو، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا پێویستیان بەوە دەبێت، ڕۆڵ و پێگەی کوردستان جارێکی دیکە بە هاوشێوەی پێشان و زیاتریش بگەڕێتەوە.

هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی ئازادانە و دیموکراتییانە بڕیاری خۆی داوە بۆ چۆنیەتی پەیوەندیی ئایندەی نێوان کوردستان و عێراق، بەڵام ئەو سیاسەتە لۆژیکانەیەی بڕیاری ڕیفراندۆمی داوە بۆ ئەم ئامانجە، ئەوەی ڕەچاوکردووە کە دەبێت پەیوەندیی داهاتووی نێوان عێراق و کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دابمەزرێت، ئەمەش واتە ڕاستە کوردستان بڕیاری خۆی داوە، بەڵام ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە لەسەر مێزی دانوستاندن خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوولا بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی هەتا ئەگەر لەناو یەك دەوڵەتیشدا پێکەوە بمێننەوە، ئەم پێکەوەژیانە فاکتەرێك بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدان و سەقامگیری، خۆ ئەگەر بوونە دوو دەوڵەتیش، ئەوا دیسان دوو دەوڵەتی دۆستی یەکتری بن و لە ڕووی ئابووری و سیاسەت و ستراتیژەوە تەواوکاری یەکتری بن.

ئەم ئیرادە و نییەتە ئێستاش لەلای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و شەخسی بارزانی بوونی هەیە و هەر ئەم بنەمایە بە ڕێگایەکی دروست دەزانرێت بۆ داهاتووی عێراق و کوردستان، بەشێکی زۆری دیپلۆمات و ڕاوێژکارانی ئیدارەی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیش ئەو قەناعەتەیان هەیە کە هەردەبێت بەم شێوازە پەیوەندیی داهاتووی نێوان عێراق و کوردستان ڕێکبخرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە و لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی هەوڵیاندا، ڕۆڵ و پێگەی کوردستان و پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش و دووبارە ڕێکخستنەوەی قۆناخی دوای داعش نادیدە بگرن، بەڵام لە ئێستادا کە جارێکی دیکە ئەمریکا و ڕۆژئاوا پێویستیان بەوەیە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکبخەنەوە، ئەوا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و پێگەی کوردستان و سیاسەتی لۆژیکانەی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر زەحمەتە بتوانن هیچ گۆڕانکارییەك دروست بکەن، یان هەنگاوێك هەڵبگرن کە ئاکامێکی ئیجابییانەی هەبێت.

**دروستکردنی هاوپەیمانی لەنێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا، بە وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ و ستراتیژی لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ دادەنرێت**

**هێزی سەربازیی ڕژێمی ئەسەد لە ڕووی ژمارەوە بەو ئاستە نییە کە بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی خاکی سووریا بکات، لە ڕووی ئیمکانیەتیشەوە ئەو سوپا بەهێزە نییە کە خاوەنی چەک و تەکنەلۆژیای پێشکەتووی سەربازی بێت، هەروەها میلیشیا وەکیلەکانی ئێران بەتایبەتی لیواکانی زەینەب و فاتیمە کە هەموویان شیعەی ئەفغانی و پاکستانین و وەک کرێ گرتە بە ئامانجی پارە و وەرگرتنی ئیقامە لە ئێران بەشداریی ئەو شەڕە دەکەن، ئەوا ئەوانیش ئەگەر بە هاوشێوەی شەڕی دژی داعش لە ئاسمانەوە پشتیوانییەکی چڕ و پڕیان نەبێت، ناتوانن شەڕەکە بکەن**





موقتەدار خان

شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# بۆ ماوەیەکی دیکەش ناسەقامگیری باڵ بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکێشێت

**موقتەدار خان پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دیلاوێر، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی عەرەبی، سیاسەتی پەرەپێدان و جیهانگەرایی و ئیسلام لە کاروباری جیهانیدا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا، ئیسلامی سیاسی، فیکری ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جیهانی ئیسلامی دەدات. بۆ تاوتوێکردنی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی پرسی سووریا، هەروەها بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرسی تایفەگەری و پەیوەندیی نێوان ئیسلام و دیموکراسی، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی کە ئێوە لە ساڵی ٢٠١٧دا وتارێکتان نووسی لەبارەی ئەوەی چۆن جارێکی دیکە ئەمریکا کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بێت لەم ناوچەیەدا؟**

- پێموایە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە دژیەکی و سیاسەتێکی تەواو شکستخواردووە لەم ناوچەیەدا، راستە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباماشدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بەلای کەمەوە هەندێ پرەنسیپی هەبووە، وەك سەرکردایەتیکردن، بەڵام بە بێ ئەوەی لە پێشەنگدا بێت (leading from behind). دۆناڵد ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە رادەیەکی گەورە هێزی داعشی تێکشکاندووە، خۆ ئەمە راستە، بەڵام کاتێك لێدوان دەدات لەبارەی کشانەوە لە سووریادا، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەوەی جێی دەهێڵێت بریتییە لە دۆخێك کە تێیدا هەر یەکە لە رووسیا و ئێران و تورکیا ناوچەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتەکەی ئەسەدیش قەڵەمڕەوی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەدا دەبێت و لە هەمان کاتدا بۆی هەیە داعش سەرهەڵبداتەوە و لە بەشێکی سنوورداری سووریادا بوونی هەبێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە لە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل بڕوانین، ئەوا هیچ هەنگاوێك لەم رووەوە هەڵنەگیراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە قسە و باسێکی زۆر کرا لە بارەی بوونی پلانێکی گەورە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە، بەڵام ناکۆکییەکە هەر ئاڵۆزتر دەبێت. هەروەها هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ خاوکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان سعودیە و قەتەر.

*** کەواتە پێتوایە ئەمریکا سیاسەتێکی گۆشەگیرانە پیادە دەکات و دەیەوێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە و بەمەش بۆشایی دروست دەبێت بۆ ئەوەی هێزە ئیقلمی و جیهانییەکانی دیکە پڕی بکەنەوە؟**

- دەبێت ئێمە بەو شێوەیە لە مەسەلەکە کە بڕوانین کە سەرۆك ترەمپ لەو روانگەیەوە سەیری مەسەلەکە دەکات، ئایا لە بەرژەوەندیی ئەمریکایە کە کارێك بکات، یان خۆی لێ بە دوور بگرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بێت و هیچ قازانجێکی دارایی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەدی نەکات، ئەوا خۆی بە دوور دەگرێت لەو بەشەی جیهان. بۆ نموونە کاتێك رێککەوتنی کڕینی چەك دەکات بە بەهای ٤٠٠ ملیار دۆلار لەگەڵ سعودیە، ئەوا ئامادەیە کە مامەڵە لەگەڵ ناوچەی کەنداودا بکات. بەڵام کاتێك لە سووریا دەڕوانێت کە دەبێتەهۆی ئەوەی داراییەکی زۆری ئەمریکای تێدا خەرج بکرێت و لەبەرامبەردا هیچ بەدەست ناهێنرێتەوە، ئەوا خۆی بە دوور دەگرێت. کەواتە راستە ئیدارەی ئەمریکا بەم شێوەیە گوزارشتی لێنەکردووە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە کە ئەگەر لە مەودای نزیکدا بەرژەوەندیی ئەمریکا هاتەدی، ئەوا مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکات، ئەگەرنا خۆی بە دوور دەگرێت.

*** هەروەك ئاشکرایە کە پرسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ئەسەدەوە مشتومڕێکی زۆری دروست کردووە، تەنانەت سەرۆك ترەمپ خودی رووسیا و ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بوونە هۆی ئەوەی ئەسەد بەم شێوەیە**

**ڕەفتار بکات، ئایا پێشبینی گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست سووریادا دەکەیت؟**

- ئەو گفتوگۆیەی لە نێو ئیدارەی ترەمپدا هەیە ئەوەیە کە کاتی هێرشە کیمیاییەکە بۆ ئەوەیە کە ئەمریکا لە سووریادا بمێنێتەوە و ئەوانیش لەم ڕووەوە زۆر نارەحەتن. لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی کە پێشتر سەرۆک ترەمپ ڕایگەیاندبوو کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هێڵی سوورە، بۆیە پێشتریش مەزندەمان کردبوو، وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا هێرشیان کردە سەر چەند شوێنێکی نێو سووریا، ئەمەش ڕوویدا.

*** بەڵام ئەو پێشتر باسی لە کشانەوە کرد؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە نزیکەی ٨ هەزار کەسی ئەمریکی (بە بەڵێندەرەکان و کەسانی سەر بە دەزگای هەواڵگری و وەزارەتی بەرگری و.. هتد) لە سووریادا هەن، کە ئەگەر ئەوانەش بکێشنەوە لە سووریا، ئەوا هێشتا ئەمریکا دەتوانێت بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی ئامانجەکان لە سووریا بۆردوومان بکات. کەواتە ئەگەر لە ئایندەشدا جارێکی دیکە چەکی کیمیایی بەکارهێنرایەوە، یاخود داعش سەریهەڵدایەوە، ئەوا ئەمریکا بژارەی بەکارهێنانی گورزی ئاسمانی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. بەڵام ئەوەی دەیەوێت کۆتایی پێ بهێنێت، خەرجکردنی دۆلاری ئەمریکی و هێشتنەوەی سەربازانی ئەمریکایە لەو وڵاتەدا.

*** ئەی باشە چۆن لە هێرشەکەی ئیسرائیل لە ناو خاکی سووریادا دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا هەندێ کەس لە ناو ئەمریکادا ئەم هێرشەی ئیسرائیل بەوە لێکدەدەنەوە کە ئەمە هۆشداری و پەیامی ئیسرائیلە بۆ ئەمریکا کە ئەگەر هاتوو ئەمریکا لە سووریا بکشێتەوە ئەوا ئیسرائیل ڕۆڵێکی چالاکتر دەگێڕێت لەو وڵاتەدا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی جێی بایەخپێدانە.

*** کەواتە مەترسی ئەوە هەیە بارگرژییەکانی هەڵکشێن و شەڕی ناوخۆیی سووریا سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ئیقلمی و بگرە هێزە مەزنەکانیش ڕاکێشرێنە شەڕەکەوە؟**

- من مەزەندەی ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ناکەم لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا. بەڵام ئەگەر بێت و سەرۆکی ئەمریکا ڕایبگەیەنێت کە ئێران پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و ئەو ڕێککەوتنە هەڵوەشێنێتەوە و سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت و وەك کاردانەوەیەك ئێران تۆڵە بکاتەوە، ئەوا بۆی هەیە ئامانجەکانی ئێران لە سووریادا بکرێنەئامانج لەلایەن ئەمریکاوە. کەواتە ئێستا دۆخی سووریا بەو چەشنەیە کە تورکیا نایەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست بێت لەو وڵاتەدا، ئێران و ڕووسیا دەیانەوێت بەرگری لە ئەسەد بکەن و ئەگەر ئەمریکاش بکشێتەوە، ئەوا داعش سەرهەڵداتەوە و ئەگەر لە سنوورێکی بچووکدا (خەلافەت) دروست بکاتەوە وبەرفراوان نەبێت، ئەوا توندوتیژی و پشێوی و ئاوارەبوونی خەڵك هەر بەردەوام دەبن.

*** باشە ئەی لەبارەی هەوڵەکانی شازادەی جێنشینی سعودیە، محمەد بن سەلمان، ڕاتان چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەو دەستی داوەتە گۆڕانکاری خێرا و ڕەنگە ئەمەش کاردانەوەی ڕیشەیی بەدوای خۆیدا بهێنێت و تەنانەت ڕەنگە لە ناو سعودیەشدا ئەم کاردانەوەیە ببینین، لەبەر ئەوە بە داخەوە دەڵێم کە ناوچەکە بۆ ماوەیەکی دیکەش بە ناسەقامگیری دەمێنێتەوە.

*** باست لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش کرد، بەتایبەتی لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، پێتوانییە هەمیشە ئەو ئەم سیناریۆیە دووبارە دەبێتەوە، واتە دوای تێکشکاندنی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ڕێکخراوێکی دیکەی توندڕەوتر جێی دەگرێتەوە؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە ئێمە دەزانین کە تا ڕادەیەك ئەمریکا ئەلقاعیدەی تێکشکاند و تەنانەت ئوسامە بن لادنیشی کوشت، بەڵام دواتر بینیمان کە داعش دروست بوو. کەواتە ئەم توندوتیژییانە هۆکاری ڕیشەییان هەیە و بەشێکی پەیوەستە بە ئەمریکا، وەك هەوڵنەدانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، بەشێکیشی پەیوەستە بە بوونی دیکتاتۆرەکان و پرسی تایفەگەری لەنێوان شیعە و سوننەدا، کەواتە لەم ڕووەوە هۆکاری بنەڕەتی و ڕیشەیی هەن. بۆیە تاوەکو ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا ئەو توندوتیژییە کۆتایی نایەت، چونکە

**هاوڕاییەک هەیە لە نێوان ڕۆشنبیرانی شیعە و سوننەدا کە ناکرێت بە بێ دیموکراسی حکومەتی ئیسلامی دابمەزرێت**

**هەردوو وڵاتی میسر و تورکیا کە زیاتر لە سەدا ٩٠ی خەڵکەکەیان سوننەیە، کەچی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە. کەواتە مەسەلەکە تەنیا ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە نییە، بەڵکو ئەوەتا ناکۆکی لە نێوان خودی سوننەکانیشدا هەیە**

ئەگەر خەڵکی ناڕازی بن لە دۆخەکە و ئەگەر هەست بکەن کە ناسنامەیان پارێزراو نییە، ئەوا خۆیان جڵەوی مەسەلەکان دەگرنەدەست، کەواتە دەیڵێمەوە تاوەکو ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، تیرۆر کۆتایی نایەت. کە ئەم تێگەیشتنە لە ئەمریکاش هەیە، بەڵام نابینین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی تایفەگەری کرد، کە هەندێ کەس ئەمە بە کێشە سەرەکییەکە دەزانن، ڕا و بۆچوونتان چییە لەم بارەیەوە و ئایا دەکرێت ئەم کێشەیە چۆن چارسەر بکرێت، بەتایبەتی ئێوە وتارێکتان هەیە و باس لەوە دەکەن کە دەکرێت خۆشەویستیی ئیمامی عەلی ببێتە هۆی دروستبوونی دۆستایەتی لە نێوان شیعە و سوننەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە. ئەوەی من لەو نووسینەدا ویستوومە باسی بکەم، ئەوەیە کە شیعە و سوننە خۆشەویستییان هەیە بۆ ئیمامی عەلی وەك یەکێك لە خولەفای ڕاشدین و هەروەها لە نێوان هەردوودلادا-شیعە و سوننە- هاوڕایی هەیە کە معاویە یەکێك نەبووە لە خولەفای ڕاشدین. کەواتە من پێموایە یەکگرتنەوەیەکی زۆر هەیە لە نێوان شیعە و سوننەدا و باوەڕم وایە مەسەلەی توندوتیژی نێوان ئەم دوو مەزهەبە گەورە کراوە، بەتایبەتی بەهۆی بوونی شەڕی سارد لە نێوان ئێران و سعودیە- کە هەندێ جار گۆڕاوە بۆ شەڕێکی گەرم وەك ئەوەی لە سووریادا بەدی دەکەین-، هەروەها پێموایە دەستتێوەردانی دەرەکی پرسی توندوتیژیی تایفەگەرییان ئیستیغلال و ئاڵۆزتریان کردووە. بەڵام چەندین موسڵمان هەن، بۆ نموونە لە ئەمریکا کە بە خۆیان دەڵێن سوشی (ئەگەرچی ئەمە ناوی ژەمە خواردنێکی یابانیشە)، کە چەندین خێزان هەیە لە ئەمریکا- بە چەشنی لوبنان- کە لە شیعە و سوننە پێکهاتوون. کەواتە پێموانییە مەسەلەی تایفەگەری هاوشێوەی بارگرژیی سەربازی، یان ناکۆکی جیوپۆلەتیکی نێوان سعودیە و ئێران بێت. دواتر هەردوو وڵاتی میسر و تورکیا کە زیاتر لە سەدا ٩٠ی خەڵکەکەیان سوننەیە، کەچی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە. کەواتە مەسەلەکە تەنیا ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە نییە، بەڵکو ئەوەتا ناکۆکی لە نێوان خودی سوننەکانیشدا هەیە.

*** ئێوە توێژینەوەیکتان هەیە لە بارەی ئیسلامی دیموکراسییەوە، ئایا چۆن لە پەیوەندی نێوان ئیسلام و دیموکراسی دەڕوانین؟**

- من پێموایە لە جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەتی بەهۆی دروستبوونی ئیخوان موسلمین و جەماعەی ئیسلامییەوە، ئەوا گرووپە موسڵمانەکان هەڵەیەکی فەلسەفییانەی گەورەیان کرد، ئەویش ئەوە بوو کە ویستیان ئەزموونی خولەفای ڕاشدین کۆپی بکەنەوە بۆ ئەوەی حوکمڕانییەکی ئیسلامی دابمەزرێنن. سەرەتا نکۆڵی لە مەزنیی ئەو یاوەرانە ناکرێت، بەڵام خوای گەورە ئەزموونی خەلەفای ڕاشدینی نەکردووە بە نموونە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە دەبێت شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، بین. ئێمە دەزانین ئەزموونی پێغەمبەر جیاواز بووە لە ئەزموونی خولەفای ڕاشدین، چونکە کاتێك حوکمڕانیی شاری مەدینەی کرد، ئەوا کاری بە دەستوور کرد و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵکەکە و بە ڕەزامەندی خەڵکەکە حوکمڕانی کرد، کەواتە حوکمڕانیی ئیسلامی لەلایەن پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر بێت) لە مەدینە بە دەستوور و بە ڕاوێژکاری و بە ڕەزامەندیی خەڵکەکە بەڕێوەچوو، واتە حوکمڕانییەکی دەستوری بوو، کە دەبێت ئێمە ئەمە بکەینە مۆدێل. هەروەها ئەگەر ئێمە لەم سێ پایە سەرەکییە بڕوانین- دەستوور و ڕاوێژکردن بە خەڵك و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو خەڵکە- ئەوا ئەمە هاوشێوەی لیبڕاڵ دیموکراسییە، بەتایبەتی مۆدێلە ئەسکەندەنەفاییەکەی. دواتر تۆ ناتوانیت حکومەتێکی ئیسلامیت هەبێت، بە بێ شورا و بە بێ دیموکراسی. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا ئیسلام و دیموکراسی دەگونجێن، یان نا، من دەڵێم ناتوانیت حکومەتی ئیسلامیت هەبێ بە بێ دیموکراسی. لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە تەنانەت عەبدولکەریم سرووش کتێبێکی لەم بارەیەوە نوسیووە، کەواتە هاوڕاییەك هەیە لە نێوان ڕۆشنبیرانی شیعە و سوننەدا کە ناکرێت بە بێ دیموکراسی حکومەتی ئیسلامی دابمەزرێت.

**سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە دژیەکی و سیاسەتێکی تەواو شکستخواردووە لەم ناوچەیەدا**

**ئەم توندوتیژییانە هۆکاری ڕیشەییان هەیە و بەشێکی پەیوەستە بە ئەمریکا، وەک هەوڵنەدانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، بەشێکیشی پەیوەستە بە بوونی دیکتاتۆرەکان و پرسی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا**



مەسعود حەیدەر
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# کورد دەتوانێت لە دوای هەڵبژاردنەکان هاوپەیمانێتییەکی بەهێز دروست بکات و سەنگ و قورسایی کاریگەریشی هەبێت

## پێشبینی دەکەم پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە دوای هەڵبژاردنەکان بچێتە قۆناغێکی باشتر

هەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دەستی پێکردووە و کوردیش وەك بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەبێت تاوتوێی چۆنیەتی بەشداریکردنێکی کارا و چالاك بکات تێیدا، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکام و کاریگەری و پێشبینییەکانی پەیوەست بەم هەڵبژاردنانە و بۆ تاوتوێکردنی ڕۆڵ و پێگەی کورد لەم پرۆسەیەدا لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەسعود حەیدەر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.

*** وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق نزیك بووەتەوەو پێگەی کورد لەعێراق و ژمارەی ئەو کورسییانەی پارت و قەوارە سیاسییەکان پێشبینی دەکەن بەدەستی بهێنن، مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانتارێکی کورد لەبەغدا چۆن دەڕوانیتە ئەم پرۆسەیەو پێگەی کورد لەدوای هەڵبژاردنەکان؟**

- ئەگەر بە دیاریکراوی باسی دوای هەڵبژاردنەکان بکەین، ئەوا بەدڵنیاییەوە جارێکی تر وەکو خولی پێشووی پەرلەمان هیچ کوتلەیەکی سیاسی ناتوانێت وەك جاران ببێتە خاوەنی ٩٠ یان ٨٠ یاخود ٧٠ کورسی، لەباشترین حاڵەتدا ئەگەر کوتلەیەکی سیاسی زۆرترین کورسی بەدەست بهێنێت، ئەوا دەگاتە ٣٠-٤٠ کورسی. بەمەش پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکان یەکێك دەبێت لە ئەرکە هەرە قورسەکان. لێرەدا راستە لەپێش هەڵبژاردنەکان حزبە کوردستانییەکان نەیانتوانیوە هاوپەیمانێتییەکی تۆکمە دروست بکەن، بەڵام ئەگەر کورد بتوانێت لەدوای هەڵبژاردنەکان کوتلەیەکی سیاسی لەژێر چەتری هاوپەیمانێتییەکی کوردستانی دروست بکات و لە دەوری کۆببنەوە، ئەوە ئەو هاوپەیمانێتییە کوردستانییە دەبێتە قەوارەیەکی بەهێزی سیاسی و کاریگەر لەناو پەرلەمانی عێراقدا و رۆڵێکی کاریگەریشی لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت.

*** بەڵام پێگەی کورد چۆن بەهێز دەبێت لەکاتێکدا پەرلەمانتاری کورد هەیە کە بەدەنگی کوردو حزبەکانیان چوونەتە بەغدا، کەچی ئێستا لەناو قەوارەو کیانە سیاسییە عەرەبییەکاندا خۆیان کاندید کردووە؟ ئایا خۆپاڵاوتنی ئەو پەرلەمانتارانە لەناو کوتلەی سیاسیی وادا کە رۆڵیان لە داگیرکردنی خاکی کوردستان و سەپاندنی سزاکاندا هەبووە لەسەر گەلی کورد، چ کاریگەرییەکی لەسەر لاوازبوونی پێگەی کورد لەبەغدا دەبێت؟**

- خۆپاڵاوتنی پەرلەمانتاری کورد لەناو قەوارەو کوتلە سیاسییە عەرەبییەکاندا بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەو حزبانەی کە ئینتیمایان بۆی هەیە، دواتر ئەمە بیروباوەڕی شەخسی خۆیانەو کە باوەڕیان بەوە هەیە بچنە ناو قەوارەی عەرەبییەوە. هەرچەندە من پێموایە زۆر زەحمەتە ئەو کەسانە بتوانن لە نێو قەوارەیەکی سیاسیی عەرەبیدا نوێنەرایەتی کورد بکەن، چونکە ئەو قەوارەیە بەرنامە و پلانی سیاسی خۆی هەیە و تەنانەت کارکردنی ئەوانیش بە پلەی یەکەم بۆ قەوارە سیاسییەکە و بۆ خودی پێکهاتە عەرەبییەکەیە. لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە لەناو شەقامی کوردیدا نامۆیە، هەروەها نامۆیە بە پرۆسەی سیاسیی کوردیش.

*** هەر سەبارەت بە سزاکانی سەر گەلی کوردستان، وەکو پەرلەمانتارێك ئایا پێتوایە لەدوای هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ ئەم سزاو دژایەتییانەی گەلی کوردستان بەردەوامییان دەبێت؟**

- ئەوەی بەرامبەر کورد کرا، زیاتر پەرچەکردار بوو، چونکە ئێمە دەزانین لە ٩٥٪ی بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە جێبەجێ نەکراوەو پێوەی پابەند نابێت، تەنیا ئەو بڕیارە نەبێت کە ١٥ خاڵی لە خۆگرتبو، لەگەڵ سەپاندنی ئابڵوقە بەسەر هەرێمی کوردستاندا، واتە حکومەتی عێراق ئەم بڕیارەی جێبەجێ کرد، کەواتە ئەمە زیاتر پەرچەکردار بو، نەك هەنگاو و رێکارێکی دەستووری و یاسایی و بگرە بەشی زۆری بڕیارەکە پێشێلکاری و سەرپێچیکاری دەستووری و یاسایی لەخۆ گرتبوو. هەرچەندە ئێستاکە بەشێك لەو رێکارانە لابراوە، وەك کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و ئاساییبوونەوەی دۆخی نێوان هەرێم و بەغدا و پێشبینی دەکەم پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە دوای هەڵبژاردنەکان بچێتە قۆناغێکی باشتر. هەرچەندە راستە کێشە سەرەکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا کەڵەکە بوون و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نەدۆزراوەتەوە و زۆر پێشێلکاریی دەستووری کراوە. بەڵام لە عێراقدا قەناعەتێك دروست بووە و ئێمە هیواداریـن کاری لەسەر بکرێت و رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر ئەرزی واقیع و ناکرێت کورد پەراوێز بخرێت و ناکرێت ئەم پێشێلکارییە دەستوورییانە بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە، ئەمە ئەگەر بێتو دەستتێوەردانی ئیقلیمی لە بڕیاری سیاسیی عێراقدا نەکرێت.

**بەهۆی راگرتنی نەوتی کەرکووک و رەوانەنەکردنی بۆ بەندەری جیهان، عێراق لە ساڵێکدا نزیکەی (٦ بۆ ٧) ملیار زیانی پێدەگات، بۆیە باشترە نەوتی کەرکووک لە رێی کوردستانەوە هەناردە بکرێت**

**لە رێگەی ئەم دەنگدانەوە هاووڵاتیان دەتوانن کاریگەری دروست بکەن لەسەر بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان، بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە بۆ کورد ئەم ناوچانە بابەتێکی رۆحی و هەستیارە و دۆزێکی زۆر گرنگی هەیە**

**ئەو بەشەی لە بودجەدا بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، ناهەقییەکی زۆری تێدایە، چونکە ئەو پارەیەی بۆ کوردستان و خەڵکەکەی دیاریکراوە، زۆر کەمترە لە پێویستیەکانی هەروەک ئەوەی لە راپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نێودەوڵەتیشدا دووپات کراوەتەوە**

**بودجەی ٢٠١٨ی عێراق کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕەوانەی پەرلەمان کرا، بودجەیەکی سیاسی بوو، پێش ئەوەی بودجەیەکی ئابووری بێت. بۆیە ئێمە لە زۆر لەبڕگەکانیدا لەدژی ڕاوەستاینەوە،**

**کێشە سەرەکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا کەڵەکە بوون و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نەدۆزراوەتەوە و زۆر پێشێلکاریی دەستووری کراوە**

**لە ٩٥٪ی بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە جێبەجێ نەکراوەو پێوەی پابەند نابێت، تەنیا ئەو بڕیارە نەبێت کە ١٥ خاڵی لە خۆگرتبو، لەگەڵ سەپاندنی ئابڵوقە بەسەر هەرێمی کوردستاندا**

**زۆر زەحمەتە کاندیدی کورد لە نێو قەوارەیەکی سیاسیی عەرەبیدا بتوانن نوێنەرایەتی کورد بکەن، چونکە ئەو قەوارەیە بەرنامە و پلانی سیاسی خۆی هەیە و تەنانەت کارکردنی ئەوانیش بە پلەی یەکەم بۆ قەوارە سیاسییەکە و بۆ خودی پێکهاتە عەرەبییەکە دەبێت**

*** یەکێک لەو سزایانەی کە لەدوای هەڵبژاردنەکانیش بوونیان دەمێنێت، مەسەلەی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانە، پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن دەتوانرێت لە شوێنەوارەکانی ئەم سزا سیاسییە دەرباز بین؟**

- بودجەی ٢٠١٨ی عێراق کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕەوانەی پەرلەمان کرا، بودجەیەکی سیاسی بوو، پێش ئەوەی بودجەیەکی ئابووری بێت. بۆیە ئێمە لە زۆر لە بڕگەکانیدا لەدژی ڕاوەستاینەوە، چونکە سزادانی خەڵکی کوردستانی تێدا بوو، ئەوەش تەنیا ئامانجی سیاسی لە پشتەوە بوو، بەڵام ئێمە توانیمان زۆربەی ئەو بڕگانە هەڵبوەشێنینەوە. ئەو بەشەی لە بودجەدا بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، ناهەقییەکی زۆری تێدایە، چونکە ئەو پارەیەی بۆ کوردستان و خەڵکەکەی دیاریکراوە، زۆر کەمترە لە پێویستیەکانی هەروەك ئەوەی لە ڕاپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نێودەوڵەتیشدا دووپات کراوەتەوە.

*** سەبارەت بە دەستتێوەردانی هەرێمی لەناو خۆی عێراق کە ئاماژەت پێدا، هەروەها ئێستا کە خاکێکی زۆری کوردستان داگیرکراوە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەوێ بوونیان هەیە، لەم دۆخەدا چۆن هەڵبژاردنێکی پاك و پێگەرد بەڕێوە دەچێت؟ ئایا مەترسیی ئەوە نییە کورد لەدوای هەڵبژاردنەکان بە ژمارەیەکی کەمتر لە کورسی و پێگەیەکی لاوازەوە بگەڕێتەوە بەغدا؟**

- ئومێد دەکەم خەڵکی کوردستان هەمووی ئەو مافە دەستووری و یاساییەی خۆی جێبەجێ بکات و لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، چونکە هەر چوار ساڵ جارێك لەم پرۆسە دیموکراسییەدا هاووڵاتی خۆی دەبێت بە حاکم و بە حەکەم تاوەکو بتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و بڕیار لە چوار ساڵی داهاتوی خۆی بدات، واتە لە ڕێگەی ئەم دەنگدانەوە هاووڵاتیان دەتوانن کاریگەری دروست بکەن لەسەر بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان، بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە بۆ کورد ئەم ناوچانە بابەتێکی ڕۆحی و هەستیارە و دۆزێکی زۆر گرنگی هەیە، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ڕووبارێك لەخوێنی لەپێناو ئەم ناوچانە بەخشیوە، ڕاستە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە ڕوویاندا وەك کورد لەو ناوچانەدا تووشی دۆخێکی نائاسایی و ناسرووشتی بووین، لەئەنجامدا بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدڕاڵی، دوای ئەوەی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی تری کوردی کە بەشێکیان سەر بەوەزارەتی ناوخۆی کوردستان بوون بە هەزاران قوربانییان بۆی داوە، لەم پێناوەدا گرنگە هاووڵاتیانی کوردستانی بەشدارییەکی ئەکتیڤیان هەبێت بۆ ئەوەی کورد سەنگ و قورسایی خۆیان نیشان بدەن، چونکە ئەم دەنگانە دەبنە پێوەرێك لە ناوخۆی عێراق و لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە نیشانی دەدەین کە ڕۆڵ و سەنگ و پێگەی کورد چەند بەهێزە لەم ناوچانە.

*** لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرو هاتنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ کەرکوك بەشێکی زۆری کێڵگە و چاڵەکانی نەوت کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە، تەنانەت بەشێکی زۆری نەوتەکەی بە نرخێکی زۆر کەم بە ئێران دەفرۆشرێت و داهاتەکەی بۆ بەهێزکردنی میلیشیاکانی حەشد دەچێت، ئایا ئێوە وەکو پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا لەسەر ئەم بەتاڵانبردنی نەوتە هیچ دۆسێیەکتان جووڵاندووە؟**

- لەدۆسێی نەوتی کەرکووکدا وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵیان تێدا هەیە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدایە بەشێکی ئەم نەوتە بە شێوازی جۆراوجۆر و بۆ سوودی هەندێ لایەن ڕەوانەی هەندێ لە وڵاتانی دراوسێی عێراق دەکرێت. کە دەبێت هەموو ئەمانە چارەسەر بکرێت، ئومێدیش دەکەین کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق ئەوا پرسی پەیوەست بە دارایی و ئابووری پێشکەوتنی تێدا بەدی بێت، بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکان. چونکە ئێستا بەهۆی ڕاگرتنی نەوتی کەرکووك و ڕەوانەنەکردنی بۆ بەندەری جیهان، عێراق لە ساڵێکدا نزیکەی (٦ بۆ ٧) ملیار دۆلار زیانی پێدەگات، بۆیە باشترە نەوتی کەرکووك لە ڕێی کوردستانەوە هەنارده بکرێت، زۆریش گرنگە ڕێککەوتن بکرێت لەو بارەیەوە، بۆ ئەوەی هەم قازانجی دارایی هەبێت بۆ هەرێمی کوردستان و هەم حکومەتی عێراقیش سوود لە هەناردەکردنی نەوتەکە وەربگرێت.

**مالیک موفتی**

**شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# لەم ساتەوەختەدا روودانی هەر سیناریۆیەک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مومکینە



**مالیك موفتی پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانكۆی توفتس و وانەبێژی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە میانەی دیمانەیەكدا گوڵان چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد كە پەیوەستن بەو هەلومەرجەی لە ئێستادا باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كێشاوە، هەروەها بە ئاقاری و ئاڕاستە و ئەگەرەكانی ئایندەی بەردەم ئەم ناوچەیە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی لە بەر رۆشنایی ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی بەم دواییە لەم ناوچە ئاڵۆزەدا روویاندا، ئایا پێتوایە رەوتی رووداوەکانی ئەم ناوچەیە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەبەن؟**

- لەم ساتەوەختەدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەترسیدارترین و ئاڵۆزترین رۆژگاری خۆیدا تێدەپەڕێت لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. ئاشکرایە کە ئەو سیستمە سیاسییەی لەو کاتەدا دامەزرێندرا ئێستا لەژێر فشارێکی گەورەدایە، ئەوەتا رژێمەکان مایەپووچ دەبن، سنوورەکان کاڵ دەبنەوە و تەنانەت ناسنامەکانیش لە باری شڵەقان و شڵەژاندان. خۆی لە خۆیدا ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە هەڵگری مەترسین، لەبەر ئەوەی روودانی هەموو سیناریۆیەکان مومکینە، بەوانەشەوە کە لە بارودۆخی ئاساییدا بە دوور گیراون.

*** باشە چۆن لە دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیەدا دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە هەمیشە ئەم دەستتێوەردانانە کاریگەری و ئاکامی خراپیان لێکەوتۆتەوە و ئایا ناکرێت ئەو هێزە دەرەکییانە رۆڵی ئیجابی و بنیادنەر ببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و رۆڵی ئەمریکا لەم رووەوە چۆن دەبینیت؟**


- دەکرێت کاراکتەر و هێزە دەرەکییەکان رۆڵی سەقامگیرکار ببینن و بۆی هەیە

**کێشەکە لە خودی رژێمی ئێراندایە کە لە ناوخۆدا رژێمێکی خۆسەپێن و سەرکوتکارە و لە ناوچەکەشدا هاوپەیمانی لەگەڵ رژێمە هاوشێوەکانی خۆیدا دەکات**

**باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە سەرکردایەتییەکی حەکیم و ژیر بە زووترین کات ناوچەکە و خەڵکەکەی لەم تەنگوچەڵەمەیە دەرباز بکەن**

**لە هەردوو لایەنی ئایین و عەلمانییەتدا هێزی کاولکار و بنیادنەر هەن، بەڵام دەبێت هێزە بنیادنەرەکانی نێو ئایین و لایەنە عەلمانییەکان پێکەوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا کاربکەن**

**ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سوودمەند بووە لە ناکارامەیی و خەمساردی ئەمریکا، بۆیە دەبینین لە ئێستادا بە چەشنێک دەستڕۆیشتووە لە ناوچەکەدا کە پێشتر پێشینەی نەبووە**



دەستتێوەردانەکەیان مایەی ناسەقامگیری بێت. تاکتیك و سیاسەتی کورتبینیانەی ئەمریکا لەماوەی دەیەی رابردوودا ناسەقامگیریی دۆخە قەیراناوییەکەی قووڵتر کردووەتەوە. لەوەش زیاتر، بەهۆی نەزانینیانەوە، هەردوو ئیدارەی ئۆباما و ترەمپ بە رادەیەکی گەورە بەرژەوەندی و میسداقیەتی ئەمریکایان لە ناوچەکەدا لاواز کردووە. کە دەبینین ئێستا رووسیا زیرەکانە و سەرسەختانە هەنگاوهەڵدەگرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دروست بووە.

*** باشە چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانیت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئایا باوەڕت وایە ئێران بەشێکە لە کێشەکە، یان دەکرێت بگۆڕێت بۆ بەشێك لە چارەسەر؟ لە هەمان کاتدا کێشەیەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە پرسی تایفەگەرییەوە بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بارگرژیی نێوان شیعە و سوننەوە، چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت؟**

- ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سوودمەند بووە لە ناکارامەیی و خەمساردی ئەمریکا، بۆیە دەبینین لە ئێستادا بە چەشنێك دەستڕۆیشتووە لە ناوچەکەدا کە پێشتر پێشینەی نەبووە. کێشەی ئەم ناوچەیە، یان کێشەیەکی ئیتنیە یاخود تایفەگەری، ئێران بەشێکە لە ناوچەکە و بەرژەوەندیی شەرعیی خۆی هەیە و بە دڵنیاییەوە شیعە و سوننەش دەتوانن بە گیانی لێبووردەیی و برایەتی لەگەڵ یەکدا بژین. کێشەکە لە خودی رژێمی ئێراندایە کە لە ناوخۆدا رژێمێکی خۆسەپێن و سەرکوتکارە و لە ناوچەکەشدا هاوپەیمانی لەگەڵ رژێمە هاوشێوەکانی خۆیدا دەکات.

*** هەروەك دەزانن چەندین گرووپی تیرۆریستی و توندڕەو هەن لەم ناوچەیەدا کە کوشتار و کاولکارییەکی بێ پێشینەیان دروست کردووە، ئایا پێتوایە هۆکارە بنەڕەتییەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە چین و ئایا پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان چی بکرێت؟**

- لە کاتێکدا کە سیستمە سیاسییەکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دادەڕووخێت، ئەوا بەدیلی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن و دروست دەبن، کە هەندێکیان مۆرکی توندڕەوی و توندوتیژی پێوە دیارە. هەر دەبێت ئەمەش چاوەڕوان بکرێت لە دۆخێکی ئاوا شلۆقدا. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم بەوە نییە ئەمە پەیوەست بێت بە هاوکێشەی نێوان ئایین و عەلمانییەتەوە. چونکە لە هەردوو لایەنی ئایین و عەلمانییەتدا هێزی کاولکار و بنیادنەر هەن، بەڵام دەبێت هێزە بنیادنەرەکانی نێو ئایین و لایەنە عەلمانییەکان پێکەوە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا کاربکەن.

*** هەندێ جار وا دەردەکەوێت کە کێشە و تەحەددییە درێژخایەنەکان قابیلی چارەسەر نەبن، باشە بۆچی تەنگژە و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیە هێندە سەخت و دژوارن؟ بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە پرسی بە دیموکراتیکردن دەڕوانیت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە دوای بەهاری عەرەبییەوە؟ ئایا دەکرێت**



**بڵێین ئەگەری سەرکەوتنی هەوڵەکانی بە دیموکراتیککردن زۆر لاوازە؟**

- من باوەڕم بەوە نییە کە کێشە و تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قابیلی چارەسەر نەبن. چونکە ناوچەی دیکە هەبووە لە جیهاندا، لە نێویاندا ئەوروپا، کاولکاری و کوشتاری زیاتریان بە خۆوە بینیوە لە ماوەی سەدەی رابردوودا، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە دۆخێکی باشتر بۆ خۆیان بخولقێنن. ڕێگا بنیادنەرەکە بە پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا تێدەپەڕێت. ئەوەش راستە کە لە دوای ڕوودانی بەهاری عەرەبییەوە شکست و پاشەکشەی زۆر و تێکشکێنەر ڕوویانداوە، بەڵام بەداخەوە ئەمانە پەرەسەندنی چاوەڕوانکراون. لە ئەوروپا و ئەمریکادا دیموکراسی لە شەو و ڕۆژێکدا بەدی نەهاتووە، بەڵکو دوای چەندین دەیەی لە گەڕانەوە بۆ خۆسەپێنی و شەڕی ناوخۆیی و ناکۆکیی نێوان دەوڵەتاندا هاتۆتەدی.

*** پێشبینییەکانت چین بۆ ئاینده ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایا باشترین سیناریۆ و خراپترین سیناریۆ چین؟**

- خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە بڕیاربەدەستە ئیقلیمی و دەرەکییەکان درێژە بەو نەهامەتییانەی ئێستا بدەن و بگرە خراپتریشی بکەن، کە- نەهامەتییەکان- بەهۆی ئاڵوگۆڕەی ئێستا هاتوونەتەئاراوە. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە سەرکردایەتییەکی حەکیم و ژیر بە زووترین کات ناوچەکە و خەڵکەکەی لەم تەنگوچەڵەمەیە دەرباز بکەن.

**تاکتیک و سیاسەتی کورتبینیانەی ئەمریکا لەماوەی دەیەی رابردوودا ناسەقامگیریی دۆخە قەیراناوییەکەی قووڵتر کردووەتەوە**

# با لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بانگەشەمان ژینگەدۆستانە بێت

دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا نزیکەی لەسەدا هەشتای خەڵکی عێراق بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ دا، بۆ یەکەمین جار لە دەستوورێکی هەمیشەیی و پەسندکراو لەلایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە، ژینگە جێگەی خۆی کردەوە لە ماددەی (٣٣)داو بەم جۆرە:

یەکەم: هەموو کەسێك مافی ژیانی هەیە لە ژینگەیەکی سەلامەتدا.

دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگە و زیندە جۆرەکان لەئەستۆ دەگرێت.

کەواتە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان دوو مافی دەستووریدا کە یەکەمیان دەنگدانە بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و دووەمیشیان مافی هەموو کەسێکە بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا، پێویستە لایەن و قەوارە سیاسییەکان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پابەندی ئەم بابەتە ژینگەییانە بن:

● **یەکەم: لەبەرنامەی هەڵبژاردندا:**

١. پێویستە بابەتی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پەیرەو و پرۆگرامی هەڵبژاردنیاندا هەبێت.

٢. بەڵێن بدەن کە بەشێك لە چالاکییەکانی ساڵیادو بۆنەکانیان بۆ هۆشیاریی ژینگەیی تەرخان بکەن.

٣. پشتگیریی ئەو یاسا و بڕیارانە بکەن کە لە بەرژەوەندی پاراستن و چاککردنی ژینگەدان.

٤. چاودێریی وردی چالاکییەکانی هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەت بکەن لە رووی ژینگەوە.

٥. هەوڵ بدەن بۆ تەرخانکردنی بڕێکی باش لە بودجەی ساڵانە بۆ بواری ژینگەپارێزی.

● **دووەم: لەشێوازی هەڵمەتی هەڵبژاردندا**

١. لافیتەو نووسینەکانیان لەسەر پەڕۆ و کاغەز بن، نەك لەسەر فلیکس نایلۆن، کە دواجار بەئاسانی شی نابنەوە و زیان بە زۆرێك لە گیانەوەران و رووەك و خاکمان دەگەیەنن.

٢. بزمار بەکارنەهێنن بۆ داکوتینی لافیتە لەسەر درەختەکان، بەلافیتەش درەختەکان دانەپۆشرێن، چونکە بەم کارە زیان بە درەختەکان دەگات، کرداری رۆشنەپێکهاتنیشی کێشەی بۆ دروست دەبێت.

٣. جوانبینی و پاراستنی هەستی بینین رەچاو بکەن لەهەڵبژاردنی شوێنی هەڵواسینی لافیتەکانیان، چونکە بەهەرەمەکی هەڵواسین دەبێتە هۆی تێکدانی هەستی بینین.

٤. زیادەڕەویی نەکەن لە بەهەدەردانی کاغەز و کارتۆن، چونکە بە شێوەی سەرەکی کاغەز و کارتۆن بەرهەمی بڕینەوەی درەختەکانن.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

٥. ماددەی پلاستیکی و نایلۆنی نەدڕێتە دەنگدەر وەك بانگەشە، لەحاڵەتی گردبوونەوەی جەماوەرییشدا پێویستە هەڵسووڕاوانی هەمان لیست دەبەی ئاو و پاشماوەی شتەکان کۆبکەنەوە، چونکە خاشاك زیان بە ژینگە و مرۆڤ دەگەیەنێت.

جا بۆ خۆبواردن لەم دیاردانەو هی دیکەش ئەم پێشنیازانەی لای خوارەوە پێویستن:

١. دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، بە هاریکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیدا بەردەوام بەدواداچوون بکەن بۆ زانینی رادەی کارکردنی لیستەکان بە رێنماییەکانی نێو یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

٢. بە بەردەوامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، حزبە سیاسییەکان ئاگادار بکاتەوە لەو سزا داراییانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوە لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی یاساکانی ژینگە و شارەوانی.

٣. هاندانی لیستەکان بۆ زیاتر بەکارهێنانی سایتە ئەلیکترۆنی و پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

٤. بەکارهێنانی شاشەی گەورەی ئەلیکترۆنی و تەلەفزیۆنی لە شوێنە گونجاوەکاندا.

٥. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی ئەو لایەن و قەوارە سیاسییانە ئاشکرا بکات کە پابەندی یاسا و رێنماییە ژینگەییەکان نابن.

٦. گەڕانی لیژنەیەکی چاودێریی هاوبەش لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بە سەر ئامرازەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و لابردن و لێکردنەوەی لافیتەی پاڵێوراوە پابەندنەبووەکان بە رێنماییەکانەوە.

٧. خۆ دوورگرتن لە بەکارهێنانی قافڵەی ئۆتۆمۆبێل وەك شێوازێکی بانگەشە، چونکە بەکارهێنانی هۆڕن زیان بە هەستی بیستن و باری دەروونیی هاووڵاتیان دەگەیەنێت، دووکەڵی ئەگزۆزیش زیان بە کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤەکان دەگەیەنێت.

**● سێیەم: ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

١. تۆڕی ژینگەیی سەرتاسەری رێکخراوەکان بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییە ژینگەییەکان بکەن.

٢. هەوڵدان بۆ بەخۆماڵیکردنی ئەزموونە جیهانییەکان لە بواری هەڵبژاردن و هۆشیاریی ژینگەییدا .

٣. هاریکاری میدیاکاندا بکەن بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتەکانی ژینگەپارێزی لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردندا.